لەم ڕۆژانەدا 68 ملیاری چوار مانگ بەسەریەکەوەی مووچەی پێشمەرگە ڕەوانەی هەرێم دەکرێت

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5735) ساڵی شەشەم 23ی نیسان 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

وەزیری دارایی عێراق زانیاریی تەواوی لەبارەی پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ئاشکرا کرد و بەڵێنی ئەوەی دا کە تا ئەو لە پۆستەکەیدا بێت، ناهێڵێت مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان ببڕدرێت. دوێنێ دووشەمە 22ی نیسانی 2019 فوئاد حوسێن، وەزیری دارایی و جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بە بەشی کوردیی دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاندووە، ئێستا ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان هەولێر و بەغدا هەیە، زۆرباشە، ناتوانرێت بگوترێت کێشە نییە، بەڵام کێشەکان بە ڕێگەی دیکە چارەسەر دەکرێن و هەمیشە گفتوگۆ هەن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

هەوڵی دەرکردنی نزیکەی 80 خێزانی کورد لە کەرکووک دەدرێت

بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی لقی3ـی پارتی ڕایگەیاند، هەوڵ دەدرێ لە بری ئەو 80 خێزانە کوردە، خەڵکی عەرەب لە خانووەکانی کۆمپانیای نەوتی کەرکووک نیشتەجێ بکرێن بە مەبەستی بە عەرەبکردنەوەی شارەکە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

بە ئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە مامۆستا کەلیمۆڵڵای تەوەحودی بەڕێوەچوو

نێچیرڤان بارزانی: لایەنە سیاسییەکان دواجار هەر دەبێت بگەنە ڕێککەوتن

چاوەڕوانی داهاتوویەکی باشین و پێکەوە هەنگاو دەنێین بەرەو کوردستانێکی بەهێز

پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە 2019/4/22 بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بەڕێزان وەزیر و پەرلەمانتار و کەسایەتیی ئەکادیمی و نووسەر و ڕۆشنبیرانی هەرێمی کوردستان و دەرەوە، ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە مامۆستا کەلیمۆڵڵای تەوەحودی بەڕێوەچوو کە لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە ڕێکخرا بوو.

لە ڕێوڕەسمەکەدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وتەیەکی پێشکەشکرد و تیایدا جیا لە بەخێرهێنانی میوانانی ڕێوڕەسمەکە بەتایبەتی مامۆستا کەلیمۆڵڵای تەوەحودی و دەستخۆشیکردن لە ئەکادیمیای کوردی بۆ ڕێکخستنی ئەم ڕێوڕەسمە، دووپاتی کردەوە کە شانازی بە خەباتی ڕۆشنبیری و هونەریی مامۆستا (تەوەحودی)ییەوە دەکەن لەپێناو داهاتوویەکی باشتر بۆ گەلی کوردستان کە نموونەی ئەو ڕۆشنبیرانەن مێژووی کوردستان بە شانازییەوە لاپەڕەی زێڕینیان بۆ دەکاتەوە و جەختی کردەوە کە هەولێر و هەرێمی کوردستان و حکوومەتی هەرێم شانازی بە سەردانی مامۆستا (تەوەحودی)ییەوە دەکات.

بەڕێزیان بە بۆنەی ساڵوەگەڕی ڕۆژنامەوانی کوردییەوە سلاوی بۆ یادی مامۆستایان میقداد مەدحەت بەدرخان، عەبدولڕەحمان بەدرخان کە لە هەندەران و دەربەدەریدا گرنگترین لاپەڕەیان لە مێژووی زمان و ڕۆشنبیری و خەباتی سیاسیی کوردیدا تۆمار کرد و پیرۆزبایی لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامەوانانی کوردستان کرد.

هەروەها سلاوی بۆ یادی پیرەمێرد، حوسێن حوزنی موکریانی، ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و نووسەرانی کوردستان نارد کە ژمارەیەکیان لەم ڕێگایەدا شەهید بوون وەک دارا تۆفیق، سالح یووسفی، شاکر فەتاح و موسا عەنتەر. **(زیاتر لە ل2-3 بخوێنەوە)**



ساڵی 2020 لە کوردستان سەرژمێری دەکرێ

لە ساڵی 2020 سەرژمێری لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەکرێت، ئاستی بازاڕی کاری هەرێم ڕووی لە گەشەسەندن و فراوانبوونە و ڕێژەی بێکاری بەرەو کەمبوونەوە دەچێت. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

پێش جەژنی ڕەمەزان کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنرێت

گوتەبێژی پارتی: لەم یەک دوو ڕۆژە کۆتایی بە هەموو شتەکان دێت



گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، پێش جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز کابینەی نوێی حکوومەت پێکدەهێنرێت و لە دوو ڕۆژی داهاتووشدا ڕێککەوتنەکان لەوبارەیەوە کۆتاییان دێت. مەحمود محەمەد گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند وەک پارتی هەوڵێکی زۆرماندا ڕێککەوتنەکانی نێوان هەرسێ لایەن بێتە هۆی بەهێزبوونی حکوومەتی ئایندە، ئێمە پێویستیمان بە حکوومەتێکی بەهێزە بە تایبەتی لەو کەشوهەوایەی کە ئێستا هەیە. گوتەبێژی پارتی ڕاشیگەیاند: لە ئێستادا گۆڕان و یەکێتی و پارتی لە دۆخەکە تێدەگەن و پێویست بە سەردانیکردنی دووبارە ناکات بۆلای یەکتر، بەڵام پێویستمان بە کۆبوونەوەی هاوبەش هەیە، چونکە دەبێت کارەکانی حکوومەت لەو کۆبوونەوەیەدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت. مەحمود محەمەد ئاماژەی بەوەشکرد کە لەم یەک دوو ڕۆژە کۆتایی بە هەموو شتەکان دێت.

هەرێمی کوردستان لە پاراستنی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکاندا پێشەنگە


لە دوای هێرشی تیرۆریستان داعش بۆ سەر مووسڵ و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، بە سەدان هەزار خەڵکی ئەو ناوچانە کە لە پێکهاتە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییە جیاوازەکان بوون لەسەر زێدی و ڕوویان لە هەرێم کرد. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ ئاوەدانکردنەوە و بیناسازی و وزە کرایەوە

ئامانجیش لە کردنەوەی ئەو پێشانگایە زیاتر بەرەو پێشەوە بردنی کەرتی ئاوەدانکردنەوەیە لە کوردستان و تیایدا 22 کۆمپانیای وڵاتی سعودیە بەشداریان لە پێشانگاکە کردووە. **(ڕاپۆرتێک لە ل6 بخوێنەوە)**

لەم هەفتەیەدا ئەمەریکا بڕیاری سفرکردنی هەناردەی نەوتی ئێران دەدات

سەرچاوەیەکی نزیک لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ئاشکرای کردووە کە عادل عەبدولمەهدی ئامادە نەبووە سەرۆکی دیپلۆماسییەتی ئەمەریکا لە عێراق بانگهێشت بکات و یاداشتنامەی ناڕەزایەتی بداتێ سەبارەت بە لێدوانەکانی و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە بە هۆی ئەو تایبەتمەندییەی بە عێراق دراوە لە مەسەلەی سزاکانی سەر ئێران ناکرێت، یاداشتنامەی ناڕەزایی بدرێتە هەڵسورێنەری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



ئامێدی.. بەفر بارین (دووشەمە - 2019/4/22)



مووسڵ.. ئاوارەکان بە هۆکاری جیاواز ناتوانن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان

هاوواڵاتیانی مووسڵ بە هۆی وێرانبوونی خانووەکانیان بە تایبەت بەری ڕاستی شارەکە، پێویستیان بە پاڵپشتی هەیە، تاوەکو خانەوادەکانی ئەو بەشەی مووسڵ بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانیان. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

بە ئامادەبوونی نێچیرڤان بارزانی ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە مامۆستا کەلیمووڵڵای تەوەحودی بەڕێوەچوو

نێچیرڤان بارزانی: شانازی بە خەباتی ڕۆشنبیری مامۆستا تەوەحودی دەکەین لەپێناو داهاتوویەکی باشتر بۆ کوردستان

دەمانەوێت لایەنە سیاسییەکان بەشداری لە حکوومەتدا بکەن بۆ ئەوەی کوردستانێکی بەهێز بنیات بنێین



پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە 2019/4/22 بە ئامادەبوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بەڕێزان وەزیر و پەرلەمانتار و کەسایەتیی ئەکادیمی و نووسەر و ڕۆشنبیرانی هەرێمی کوردستان و دەرەوە، ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە مامۆستا کەلیمووڵڵای تەوەحودی بەڕێوەچوو کە لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە ڕێکخرا بوو.

لە ڕێوڕەسمەکەدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وتەیەکی پێشکەشکرد و تیایدا جیا لە بەخێرهێنانی میوانانی ڕێوڕەسمەکە بەتایبەتی مامۆستا کەلیمووڵڵای تەوەحودی و دەستخۆشیکردن لە ئەکادیمیای کوردی بۆ ڕێکخستنی ئەم ڕێوڕەسمە، دووپاتی کردەوە کە شانازی بە خەباتی ڕۆشنبیری و هونەریی مامۆستا (تەوەحودی)ییەوە دەکەن لەپێناو داهاتوویەکی باشتر بۆ گەلی کوردستان کە نموونەی ئەو ڕۆشنبیرانەن میژووی کوردستان بە شانازییەوە لاپەڕەی زێڕینیان بۆ دەکاتەوە و جەختی کردەوە کە هەولێر و هەرێمی کوردستان و حکوومەتی هەرێم شانازی بە سەردانی مامۆستا (تەوەحودی)ییەوە دەکات.

بەڕێزیان بە بۆنەی ساڵوەگەڕی ڕۆژنامەوانی کوردییەوە سلاوی بۆ یادی مامۆستایان میقداد مەدحەت بەدرخان، عەبدولڕەحمان بەدرخان کە لە هەندەران و دەربەدەریدا گرنگترین لاپەڕەیان لە میژووی زمان و ڕۆشنبیری و خەباتی سیاسیی کوردیدا تۆمار کرد و پیرۆزبایی لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامەوانانی کوردستان کرد، هەروەها سلاوی بۆ یادی پیرەمێرد، حوسێن حوزنی موکریانی، ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و نووسەرانی کوردستان نارد کە ژمارەیەکیان لەم ڕێگایەدا شەهید بوون وەک دارا تۆفیق، سالح یووسفی، شاکر فەتاح و مووسا عەنتەر.

بەڕێزیان بە پێویستیزانی ڕۆشنبیران و لاوانی ئەمڕۆ جارێکی دیکە ئەو وانەیە لە تاقیکردنەوەی مامۆستایانی بەڕێزی وەک (تەوەحودی)ییەوە فێر ببنەوە کە تەنیا ناسنامەی زمان و کولتوورە گەلی کوردی لە جیهاندا ڕاگرتووە و پاراستووە، چونکە وەک بەڕێزیان ئاماژەی پێدا زمانی کوردی زیاتر لە شاخەکان کوردی پاراستووە و گەلی کوردی لە خۆراسان و خەبات و ماندوبوونی مامۆستا (تەوەحودی)وەک نموونە بۆ ئەمە هێنایەوە

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی باسی لەوەشکرد کە لەم ساڵانەدا لەبارەی زمانەوە گلەیی زۆر دەکرێت و ئەمەشی بە بەرپرسیاری هەموو تاکێکی کورد زانی، چونکە جاران نە حکوومەت، نە دامودەزگای ڕۆشنبیری هەبوو، بەڵام بۆ هەزاران ساڵ زمان هەر دەما و گەشەی دەکرد و ئاماژەی بەوە دا کە لەم سەردەمەدا دامودەزگای ڕۆشنبیری ڕۆڵیان لە پەرەسەندنی زماندا زۆرە، بەڵام مەرجی یەکەمی بۆ هەستی بەرپرسیاری لای تاکی خوێندەوار گەڕاندەوە.

هەر لەمبارەیەوە بەڕێزیان نموونەی ئەوەی هێنایەوە کە لە شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاستدا چەندین شاعیر و نووسەری گەورەری وەک: هەژار، هێمن، حەسەنی قزڵجی، شوکور مستەفا، مەسعوود محەمەد، عەلائەدین سەجادی و شێخ محەمەدی خاڵ و لە شێوەزاری کرمانجیی سەروشدا چەندین شاعیر و گەورە نووسەری وەک: ئەمینێ عەقدال، حەجی جندی، قەناتێ کوردۆ، جگەرخوین، عەرەبێ شەمۆ و محەمەد ئۆزون و لە شێوەزاری هەورامیشدا شاعیری گەورەی وەک مەولەوی و خانای قوبادی هەن کە بە سەتان پەرتوکیان دوای خۆیان جێهێشتووە و زمانیان پاراستووە و بە پێویستی زانی لاوان بەردەوام ئەو سەرچاوانە بکەن بە ڕێبەر و ڕێنوێنی خۆیان لە نووسینی زمانی کوردیدا و ستران و فۆلکلۆری کوردی لە هەموو ناوچەکان ببن بە سەرچاوە بۆ زمانێکی خاوێن و ڕەسەن و پەتی.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە باسی بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستاندا، ئاشکرای کرد هەرچەند زیاتر لە شەش مانگ بەسەر هەڵبژاردنی گشتیدا تێپەڕیوە و گلەیی زۆر لە پێکنەهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت هەیە، بەڵام دڵنیایی دا کە لایەنە سیاسییەکان دواجار دەگەنە ڕێککەوتن و بە پێویستیزانی پشوودرێژی هەبێت و کاتی تەواو بدەرێتە لایەنە سیاسییەکان بۆ چارەسەری کێشەکانیان، هەروەها ئەم دواکەتنەی بە شتێکی ئاسایی زانی چونکە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان وا دەخوازێ و دەیانەوێت سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی، تەبایی و ئاشتەوایی، بووژانەوەی ئابووری و خۆشگوزەرانی هەبێت و لایەنە سیاسییەکان بەتایبەتی لایەنە سەرکییەکان بەشداری لە حکوومەتدا بکەن و پێکەوە کار بۆ کوردستانێکی بەهێز و دواڕۆژێکی گەشتر بکەن و دڵنیایی دا کە ڕۆژانی خۆشتر چاوەڕێی گەلی کوردستانن.

دەقی وتاری بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان: ئامادەبووانی بەڕێز، بەیانیتان باش،

سلاوتان لێ بێت و بەخێرهاتنێکی گەرمی هەموو لایەکتان دەکەم، بەتایبەتیش بەخێرهاتنێکی گەرمی مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست کەلیمووڵڵای تەوەحودی دەکەم، زۆر بەخێر بێی. هەولێر و هەرێمی کوردستان و حکوومەتی هەرێم شانازی بە سەردانی مامۆستا (تەوەحودی)ییەوە دەکەن کە ئەمڕۆ لێرە تەشریفی هێناوە بۆ مالی خۆی، بەخێر بێت.

هەموومان شانازی بە خەباتی ڕۆشنبیری و هونەریی مامۆستا (تەوەحودی)ییەوە دەکەین لەپێناو داهاتوویەکی باشتر بۆ گەلی کوردستان. ئەوان نموونەی ئەو ڕۆشنبیرانەن کە میژووی کوردستان بە شانازییەوە لاپەڕەی زێڕینیان بۆ دەکاتەوە.

دەستخۆشی و سوپاس و پێزانینم بۆ ئەکادیمیای کوردی بۆ بانگهێشتکردنی مامۆستا (تەوەحودی) و سازدانی ئەم ڕێزلێنان و خەڵاتکردنە، کە ڕووداوێکە لە کاتی خۆی و لە شوێنی خۆیدایە، زۆر سوپاس.

هەروەها ئەمڕۆ کە ڕۆژی ڕۆژنامەوانیی کوردییە، لەم بۆنەیەدا سلاو لە یادی مامۆستایان میقداد مەدحەت بەدرخان و عەبدولڕەحمان بەدرخان کە ئەم دوو گەورە ڕۆشنبیرە لە هەندەران و دەربەدەریدا گرینگترین لاپەڕەیان لە میژووی زمان و ڕۆشنبیری و خەباتی سیاسیی کوردیدا تۆمار کرد.

پیرۆزبایی لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و تەواوی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم.

هەر لەم بۆنەیەدا سلاو بۆ یادی پیرەمێردی نەمر و حوسێن حوزنی موکریانی دەنێرین کە دوو ئەستێرەی گەشن لە میژووی ڕۆژنامەوانیی کوردستاندا. سلاو لە یادی دەیان ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و نووسەری کوردستان کە هەموو ژیانی خۆیان بۆ پاراستنی ناسنامەی زمان و کولتووری کوردی تەرخان کرد، ژمارەیەکیشیان هەر لەم ڕێگایەدا شەهید بوون وەک دارا تۆفیق، سالح یووسفی، شاکر فەتاح و مووسا عەنتەر.

بەڕێزان وەک دەبینن، ئەگەر ئێمە لە یادی ڕۆشنبیر و گەورە نووسەرانی میژووی خۆماندا دریژە بە ناوهێنان بدەین، ماوەیەکی زۆری دەوێ و تەواویش نابین.

گەلی کوردستان لەپێناو مانەوەی خۆی و پاراستنی ولاتەکەیدا، لەوتەی هەیە بە هەموو شێوەیەک خەبات دەکات و خۆی بە دەستەوە نادات. ئەم خەباتەش هەر بەردەوام دەبێ تا ئەو ڕۆژەی دنیای دوور و دەوروبەری نزیک، بوونی ئێمە دەسەلمێنێ و کوردستان دەچێتە ڕیزی گەلانی دیکە لە ژیانێکی سەردەمییانەدا.

وەک خۆتان دەزانن باوک و باپیرانی ئێمە بۆ یەک ڕۆژیش کەمتەرخەمییان لە خەبات و پشوودرێژی و بەرخۆدانا نەکردووە، بەڵکو بەردەوام خاکی ولاتیان بە خوێنی ڕۆڵەکانیان سوور کردووە، ئەمەش بووە مایەی سەرسامییەکی گەورە لە میژوودا کەوا بۆچی ئەم خەباتە تاکو ئێستا نەهاتووەتە بەرهەم و گەلی کوردستان بە ڕۆژی خۆی نەگەیشتووە؟!

هەروەکو مامۆستای گەورەمان (ئەحمەدی خانی) سەری سوڕماوە و فەرمووییەتی:

ئەز مامە د حیکمەتا خودێدا
کورمانج د دەولەتا دنێدا
ئایا ب چ وەجهی مانە مەحروومە؟
بیلجوملە ژبۆ چ مانە مەحکووم؟

فوئاد حوسێن: هەتا من لەو پۆستەدا بم ناهێڵم مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ببڕدرێت

لەم ڕۆژانەدا 68 ملیاری چوار مانگ بەسەریەکەوەی مووچەی پێشمەرگە ڕەوانەی هەرێم دەکرێت



وەزیری دارایی عێراق زانیاریی تەواوی لەبارەی پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ئاشکرا کرد و بەڵێنی ئەوەی دا کە تا ئەو لە پۆستەکەیدا بێت، ناهێڵێت مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان ببڕدرێت. دوێنێ دووشەمە 22ی نیسانی 2019 فوئاد حوسێن، وەزیری دارایی عێراق، بە بەشی کوردیی دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاندووە، ئێستا ئەو پەیوەندییانەی لەنێوان هەولێر و بەغدا هەیە، زۆرباشە، ناتوانرێت بگوترێت کێشە نییە، بەڵام کێشەکان بە ڕێگەی دیکە چارەسەر دەکرێن و هەمیشە گفتوگۆ هەن.

لەبارەی ئەگەری هەڵگیرساندنەوەی کێشەی مووچەش، ڕایگەیاندووە: «مەعقول نییە ئەمساڵ بودجە بدرێت و ساڵێکی تر نەدرێت، ئێمە کە بەشدارین لە حکوومەت، بەشداریی ئێمە هەر پۆستەکە نییە، بەڵکو لەسەر بنەمایەکە کە ڕۆڵمان هەیە و بەشێکین لە بڕیار، بەبۆچوونی من، تا پەیوەندیی هەرێم و بەغدا بەردەوام باشی بڕوات، هیچ کێشەیەک نییە». فوئاد حوسێن باسی لەوەش کردووە کە بەغدا بەشە مووچەی هەرێمی کوردستانی بۆ مانگی یەک و دوو، هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو نارددووە، بەڵام مانگی سێ زیاتر بوو، جگە لەوەی مووچەی مانگەکە هەمووی نێردراوە، زیادەیەکیشیان وەک تەواوکاری مووچەی مانگەکانی یەک و دوو نارددووە.

وەزیری دارایی عێراق دووپاتی کردووەتەوە کە ئەوان بەدواداچوون بۆ بابەتی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان دەکەن، بەڵام «دڵنیام نارددنی بودجە لە بەغداوە بۆ هەرێم بەردەوام بێت، لە چەند مانگی داهاتوودا دواکەوتنی مووچەش نامێنێت و هەر لێپرسینەوەیەکیش کاری پەرلەمانە».

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا فوئاد حوسێن باسی لە مووچەی پێشمەرگە کردووە و ڕایگەیاندووە کە «کێشەیەک هەبوو ئەو کێشەیە چارەسەر کرا، ئێستا من وەک وەزیر واژۆم کردووە و سەرۆک وەزیرانی عێراقیش وەک وەزیری بەرگریی بەوەکالەت ڕەزامەندی نواندووە لەم ڕۆژانەدا بڕی ئەو 68 ملیارە هی چوار مانگ بەسەریەکەوە ڕەوانەی هەرێم دەکرێت».

لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەشدا وەزیری دارایی عێراق لەبارەی هەڕەشەی دووبارە بڕینەوەی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان گوتوویەتی: «ئێستا حکوومەتەکە جیاوازە، کەسەکان جیاوازن، پێویست ناکات بەوشێوەیە بیربکرێتەوە کە بودجە دەبڕدرێت، من یاسایەک بەدەستمەوەیە کە یاسای بودجەیە و گرنگە، هەتا من لەو پۆستەدا بم، پابەندی یاسا دەبم، دەسەڵاتی خۆم بەکاردەهێنم، هیچ کات ناهێڵم مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم ببڕدرێت، ئەگەر منیش لەو پۆستەدا نەمام، ئەوا هەرکەسێکی دیکە بێت، خۆ دەبێت ئەویش پابەندی یاسا بێت».

خاوی بڕێنت بەردەوامە لە بەرزبوونەوەو گەیشتە سەرووی 73 دۆلار



نرخی خاوی بڕێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا، بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە بەرزبوونەوە کرد و هەر بەرمیلێکی بە 73 دۆلار و هەشت سەنت مامەڵەی پێوەکرا. ئاماژە بەوە دەکرێت کە بەردەوامبوونی گرژییەکان لە ڤێنیزوێلا و سەپاندنی سزاکان لە لایەن ئەمەریکاوە بەسەر ئێراندا، کاریگەریان هەبووە لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی خاوی بڕێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا. لە مامەڵەکانی دوێنێ دووشەمەشدا، نرخی خاوی بڕێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا، بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزبوونەوەی تۆمار کرد و هەر بەرمیلێکی بە 73 دۆلار و هەشت سەنت مامەڵەی پێوەکرا. بەهەمانشێوە نرخی خاوی ئەمەریکا لە بازاڕەکانی جیهاندا، ڕووی لە بەرزبوونەوە کرد و هەر بەرمیلێکی بە 65 دۆلار و 48 سەنت مامەڵەی پێوەکرا. جێی باسە بە هۆی سزاکانی ئەمەریکاوە، ئاستی بەرهەمهێنانی ئێران لە مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوو تا مانگی ئاداری ڕابردوو لە سێ ملیۆن و 800 بەرمیل لە ڕۆژێکدا بۆ دوو ملیۆن و 700 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەمبووەتەوە.

کورد لە هەر کوێیەک بێت بۆ یەک ئامانج و یەک داهاتوو درێژە بە ژیانی خۆی دەدات

نێچیرڤان بارزانی: لە رابردوودا کەس نەیتوانیوە کورد لەناو ببات و تازەش بە کەس لەناو ناچین

بەرژەوەندیی کوردستان وا دەخوازێت کاتی تەواو بدرێتە گفتوگۆی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت



بەڵام سەرەڕای ئەو ڕابردووە تاڵە، ئێمە گەورەترین شانازیمان لە میژوودا هەیە، ئەویش ئەوەیە هەر ماوین و لەناو نەچووین. شانازییەکی لەمەش گەورەترمان هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئێمە هەر بە یەکگرتوویی ماینەوە. نە شێوەی ئاخاوتن، نە ئایین، نە مەزهەب و نە ئاوارەیی دوور لە وڵات، نەیانتوانی ئێمە لە یەکتر جیا بکەنەوە.

ئەوانەی کە لەم هەوڵێرە، یان لە هەر شار و دێیەکی نیشتمانی گەورەی کوردستان دەژین، هەروەها ئەوانەش کە لە گوند و بن ڕەشمالەکانی خۆراساند ژیان بەسەر دەبەن، هەموو ڕۆژ هەمان ئازار و هەمان دەردیان هەیە و ئاخ بۆ داهاتووی کوردستان هەڵدەکێشن. کورد لە هەر کوێیەک بێت هەر بۆ یەک ئامانج و یەک داهاتوو، درێژە بە ژیانی خۆی دەدات.

میژوو شاهێدە کەوا لە ڕابردوودا کەس نەیتوانیوە ئێمە لەناو ببات. زۆر گەل و میللەتی گەورەتر هەبوون میژوو لەناوی بردن، بەڵام ئێمە هەر ماوین و تازەش بە کەس لەناو ناچین.

بێگومان ئەم مانەوەیەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ زمانی کوردی و دابونەریتی کوردەواری کە ناسنامەی ئێمەن، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ مووزیک و ستران و گۆرانیی کوردی کە هەستی یەکبوون و شانازییان لای تاکی ئێمە دروستکردووە.

ڕۆشنبیران و لاوانی ئەمڕۆ دەبێ جارێکی دیکە ئەو وانەیە لە تاقیکردنەوەی مامۆستایانی بەڕێزی وەک (تەوەحودی)یەوە فێر ببنەوە کە تەنیا ناسنامەی زمان و کولتووڕە ئێمەیان لە دنیادا ڕاگرتووە و پاراستووە. بۆیە دەبێ بەردەوام وریای ئەم ناسنامەیە بین و دەوڵەمەندتری بکەین.

زۆر جار گوێمان لێ دەبێت، هەندێ کەس دەڵێن (شاخەکان تاکە دۆستی گەلی کوردن)، بەڵام من دەڵێم: (زمانی کوردی زیاتریش لە شاخەکان کوردی پاراستووە). گەلی کورد لە خۆراسان باشترین بەڵگەیە بۆ ڕاستیی ئەم قسەیە، هەروەها خەبات و ماندووبوونی مامۆستا (تەوەحودی) باشترین بەڵگەیە کەوا تۆمارکردن و پاراستنی کولتوور و مووزیک، دەتوانن گەلێک و نەتەوەیەک بە زیندوویی بهێڵنەوە.

ئەمڕۆ کە ئێوەی بەڕێز لێرە دانیشتوون، هەروەها مامۆستای ئازیزمان (کەلیمولاڵای تەوەحودی) لەگەڵماندایە، دەمەوێ جەختێکی زیاتر لە پیرۆزیی زمانی کوردی بکەمەوە، بەتایبەتیش کە ئەمڕۆ ساڵوەگەڕی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی (کوردستان)ە بەر لە (121) ساڵ.

لەم ساڵانەدا، لەبارەی زمانی کوردییەوە بەردەوام گوێمان لە گلەیی دەبێت. بێگومان ئێمە هەموومان قبوڵ دەکەین کە بەرپرسیار بین، بەڵام هیچ شتێک ناگاتە ئەوەی مرۆڤی کورد وەکو تاکێک خۆی بەرپرسیار بزانێت. جاران نە حکوومەت هەبوو، نە دامودەزگای ڕۆشنبیری، بەڵام بۆ هەزاران ساڵ زمان هەر دەما و هەر گەشەی دەکرد. لەم سەردەمەدا بێگومان دامودەزگای ڕۆشنبیری ڕۆڵیان لە پەرەسەندنی زماندا یەکجار زۆرە، بەڵام هەستی بەرپرسیاری لای تاکی خوێندەوار مەرجی یەکەمە بۆ زمانی کوردی.

نموونەیەک دەهێنمەوە بۆ گەنجان و لاوانی خۆمان:

ئێمەی کورد لە شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاستدا چەندین شاعیر و نووسەری گەورەری وەک: هەژار، هێمن، حەسەنی قزڵجی، شوکور مستەفا، مەسعوود محەمەد، عەلائەدین سەجادی و شێخ محەمەدی خاڵمان هەیە کە سەتان کتێبیان بۆ ئێمە بەجێ هێشتووە.

هەروەها لە شێوەزاری کرمانجیی سەروودا چەندین شاعیر و گەورە نووسەری وەک: ئەمینێ عەقدال، حەجی جندی، قەناتێ کوردۆ، جگەرخوین، عەرەبێ شەمۆ و محەمەد ئۆزونمان هەیە، کە ئەوانیش سەتان سەرچاوەیان بۆ ئێمە جێهێشتووە. بێگومان لە شێوەزاری هەورامیشدا شاعیری گەورەی وەک مەولەوی و خانای قوبادیمان هەیە بۆ پاراستنی زمانەکەمان.

دەبێ لاوانمان بەردەوام ئەو سەرچاوانە بکەن بە ڕێبەر و ڕێنوێنی خۆیان لە نووسینی زمانی کوردیدا. هەروەها دەبێت ستران و فۆلکلۆری کوردی لە هەموو ناوچەکان بزن بە سەرچاوە بۆ زمانێکی خاوێن و ڕەسەن و پەتی. لەمبارەیەوە مامۆستا (تەوەحودی) شاسوار و مامۆستایەکی گەورەیە و خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندە.

نابێ ئێمە ڕۆژانە گوێمان لەوە ببێتەوە کە زمانی کوردی لە مەترسیدایە، بە پێچەوانەوە دەبێ ڕۆژانە مژدەمان بدەنێ کەوا زمانی کوردی هەر لە پەرەسەندن و گەشەدایە.

دووبارە داواتان لێدەکەم، تکاتان لێدەکەم ئاگاتان لە زمانی کوردی بێت و بپارێزن. زمان نیشتمانی دووەمی ئێمەیە. تەنانەت ئەو کوردەی کە نیشتمانی یەکەمیش ون بکات، دەتوانێ بە هۆی نیشتمانی دووەمەوە کە زمانی کوردییە، هەر وەک مرۆڤێکی سەربەخۆ بەختەوەرانە بژی. نموونەش خوشک و برا ئازیزەکانی کوردی خۆراسانن کە ئەمڕۆ مامۆستا (تەوەحودی) نوێنەری ناسنامەی کوردبوونی ئەوانە لە ڕێی زمان و کولتوورەوە.

جارێکی تریش سوپاس بۆ هاتنی مامۆستا تەوەحودی و شاندی هاوڕێیان، لە ڕێگەی ئەوانەوە سڵاو دەنێرین بۆ کوردی کرمانجی خۆراسان و هەر کوردێک لە هەر کوێیەکی دنیا بێت.

هەر لێرەوە وێڕای دەستخۆشی بۆ مامۆستا تەوەحودی بۆ کار و بەرهەمە جوانەکانی، ڕایەڵەیەنین: هەموو بەرهەمەکانی مامۆستا کە چاپ نەکراون، هەموویان چاپ دەکەین.

ئامادەبووانی بەڕێز،

لە کۆتاییدا دەمەوێ لێرە قسەیەکی کورتیش لەسەر بارودۆخی ئێستای کوردستان بکەم.

لەم ڕۆژانەدا کە نزیکەی شەش مانگ زیاتر بەسەر هەڵبژاردنی گشتی لە کوردستاندا تێدەپەڕێت، خۆتان دەزانن گلەیی زۆرە لەوەی کە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت دواکەوتووە. هەموو لایەک دڵنیا دەکەمەوە کە لایەنە سیاسییەکان دواجار هەر دەبێ بگەنە ڕێککەوتن. با ئێمە وا تێنەگەین کە دیموکراسی هیچ کێشەی نییە. لە دیموکراسیدا ئەوەی کەمی هێناوە و ئەوەی زۆریشی هێناوە وەکو یەک مافیان هەیە و قسە دەکەن. بۆیە ئێمە دەبێ پشوومان درێژ بێ و لایەنەکان کاتی تەواویان هەبێ بۆ چارەسەری مامۆستا (تەوەحودی) شاسوار و مامۆستایەکی گەورەیە و خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندە.

نابێ ئێمە ڕۆژانە گوێمان لەوە ببێتەوە کە زمانی کوردی لە مەترسیدایە، بە پێچەوانەوە دەبێ ڕۆژانە مژدەمان بدەنێ کەوا زمانی کوردی هەر لە پەرەسەندن و گەشەدایە.

دووبارە داواتان لێدەکەم، تکاتان لێدەکەم ئاگاتان لە زمانی کوردی بێت و بپارێزن. زمان نیشتمانی دووەمی ئێمەیە. تەنانەت ئەو کوردەی کە نیشتمانی یەکەمیش ون بکات، دەتوانێ بە هۆی نیشتمانی دووەمەوە کە زمانی کوردییە، هەر وەک مرۆڤێکی سەربەخۆ بەختەوەرانە بژی. نموونەش خوشک و برا ئازیزەکانی کوردی خۆراسانن کە ئەمڕۆ مامۆستا (تەوەحودی) نوێنەری ناسنامەی کوردبوونی ئەوانە لە ڕێی زمان و کولتوورەوە.

جارێکی تریش سوپاس بۆ هاتنی مامۆستا تەوەحودی و شاندی هاوڕێیان، لە ڕێگەی ئەوانەوە سڵاو دەنێرین بۆ کوردی کرمانجی خۆراسان و هەر کوردێک لە هەر کوێیەکی دنیا بێت.

هەر لێرەوە وێڕای دەستخۆشی بۆ مامۆستا تەوەحودی بۆ کار و بەرهەمە جوانەکانی، ڕایەڵەیەنین: هەموو بەرهەمەکانی مامۆستا کە چاپ نەکراون، هەموویان چاپ دەکەین.

ئامادەبووانی بەڕێز،

لە کۆتاییدا دەمەوێ لێرە قسەیەکی کورتیش لەسەر بارودۆخی ئێستای کوردستان بکەم.

لەم ڕۆژانەدا کە نزیکەی شەش مانگ زیاتر بەسەر هەڵبژاردنی گشتی لە کوردستاندا تێدەپەڕێت، خۆتان دەزانن گلەیی زۆرە لەوەی کە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت دواکەوتووە. هەموو لایەک دڵنیا دەکەمەوە کە لایەنە سیاسییەکان دواجار هەر دەبێ بگەنە ڕێککەوتن. با ئێمە وا تێنەگەین کە دیموکراسی هیچ کێشەی نییە. لە دیموکراسیدا ئەوەی کەمی هێناوە و ئەوەی زۆریشی هێناوە وەکو یەک مافیان هەیە و قسە دەکەن. بۆیە ئێمە دەبێ پشوومان درێژ بێ و لایەنەکان کاتی تەواویان هەبێ بۆ چارەسەری کێشەکانیان. ئەم دواکەوتنە ئاساییییە، بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان وا دەخوازێ کە کاتی تەواو بدرێتە پرۆسەی گفتوگۆی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ?چونکە ئێمە دەمانەوێت سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی، تەبایی و ئاشتەوایی، بووژانەوەی ئابووری و خۆشگوزەرانی بۆ وڵاتەکەمان هەبێت. دەمانەوێت لایەنە سیاسییەکان، بەتایبەتی لایەنە سەرەکییەکان بەشداری لە حکوومەتدا بکەن و پێکەوە کار بکەین بۆ ئەوەی کوردستانێکی بەهێز و دوارۆژێکی گەشتر بۆ وڵاتەکەمان بنیات بنێین.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە یەکڕیزی و تەباییی ناوخۆمان هەبێت، هەروەها پاراستنی تەبایی لەگەڵ دەوروبەردا. ئێمە بە پشتیوانیی ئێوە هەوڵ دەدەین گرژی و ناتەبایی لە داهاتوودا ڕوونەدەن. دڵنیا بن ڕۆژانی خۆشتر چاوەڕێی گەلی کوردستانن، هەموومان بە گەشبینییەوە چاوەڕوانی داهاتوویەکی باشین و پێکەوە هەنگاو دەنێین بەرەو کوردستانێکی بەهێز بۆ هەموولایەکمان.

دەمەوێت ئاماژە بە قسەکانی مامۆستا نەجات بدەم کە لە سەرەتا باسی کرد، دەمەوێت دڵنیای بکەمەوە، بێگومان ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو کەمتەرخەمی کراوە لە گرنگیدان بە پرسی ئەکادیمیای کوردی و ئەو کارانەی کە جەنابیان باسی کرد، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەم چەند ساڵە ئێمە بە ڕۆژانی زۆر ناخۆش و سەختدا تێپەڕین، هەندێک بابەت هەبوون کە لە کارە لەپێشینەکانی ئێمە بوون وەک شەڕی داعش و چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکە، بەڵام بە دڵنیاییەوە لەمەودوا ئەم بابەتە دەبێتە بابەتێکی سەرەکی و گرنگییەکی جددیشی پێدەدەین، کۆبوونەوەیەک ئەنجام دەدەین و ئەو کێشانەی هەتانە بۆتانی چارەسەر دەکەین، لەوە دڵنیا بن.

جارێکی دیکە بەخێرهاتنێکی گەرمی مامۆستا تەوەحودی دەکەم کە لە خۆراسانەوە تەشریفی هێناوە و دوێنێش سەردانی کەربەلا و نەجەفی کرد و دوعای بۆ ئێمەش کردووە. بەخێربێی مامۆستا سەرچاوان.. زۆر سوپاس

عادل عەبدولمەهدی ئامادە نەبووە بانگهێشتی باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق بکات

لەم هەفتەیەدا ئەمەریکا بڕیاری سفرکردنی هەناردەی نەوتی ئێران دەدات



خەبات/مەریوان ندڵشەندی:

سەرەڕای ئەوەی سەرچاوەیەک لە ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی عێراق ڕایگەیاندبوو کە بە هۆی لێدوانەکانی هەڵسوڕێنەری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق، سەبارەت بە مامەڵە و ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان تاران و بەغدا و ئاسانکاری حکوومەتی عێراق بۆ ئێران و ئەگەری سزادانی عێراق لە حاڵەتی بەردەوامبوونی ئەم ئاسانکارییەی بەغدا بۆ تاران، بەڵام سەرچاوەیەکی نزیک لە عادل عەبدولمەهدی ئاشکرای کردووە کە عادل عەبدولمەهدی ئامادە نەبووە سەرۆکی دیپلۆماسییەتی ئەمەریکا لە عێراق بانگهێشت بکات و یاداشتنامەی ناڕەزایەتی بداتێ سەبارەت بە لێدوانەکانی و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە بە هۆی ئەو تایبەتمەندییەی بە عێراق دراوە لە مەسەلەی سزاکانی سەر ئێران ناکرێت، یاداشتنامەی ناڕەزایەتی بدرێتە هەڵسوڕێنەری کاروباری باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە عێراق و ئەوەش کە ڕاگەیەنراوە کە پێشتر لەسەر زاری عەبدولمەهدییەوە تەنها بۆ ڕازیکردنی کوتلە سیاسییەکانی عێراقەوە بووە کە ئەم لێدوانەی بەرپرسە ئەمەریکییەکەیان بەدەستوەردان لە کاروباری عێراق لە قەڵەمداوە و داوایان لە حکوومەتی عێراق کردووە کاردانەوەی توندی بەرانبەر بەرپرسی دیپلۆماسییەتی ئەمەریکا لە عێراق هەندێ جیاکاری و تایبەتمەندی بە عێراق داوە و ڕێگەی پێداوە وزەی کارەبا و هەندێ پێداویستی زەروری لە ئێرانەوە هاوردە بکات، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە ڕێگە بدەین ئێران بایی 20 ملیار دۆلار کەلوپەل و خۆراک هەناردەی عێراق بکات، بەبێ ئەوەی عێراق لە بەرامبەردا هیچ کەلوپەلێک یان خۆراکێک هەناردەی ئێران بکات و ئەگەر ئەم مامەڵەیەی حکوومەتی بەغدا بەرامبەر ئێران نەگۆڕێت ئەوا ئەمەریکاش هەڵوێستی بەرانبەر حکوومەتی عێراق دەگۆڕێت. ئەم لێدوانەی جوی هود بووە مایەی نیگەرانی کوتلە سیاسییە شیعەکانی نزیک لە ئێران و داوای بانگهێشتکردن و لێپرسینەوەیان کرد و عادل عەبدولمەهدیش بەشێوەیەکی زارەکی بەڵێنی پێدانی یاداشتی ناڕەزایی ڕەسمی پێدابوون، بەڵام پێدەچێت لەم دۆسێیەدا چاوپۆشی کردبێت.

شایانی باسە هەفتەی ڕابردووش مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاندبوو کە سەرەڕای سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران، بەڵام ئێران 20%ی ئابووری عێراقی کۆنترۆڵکردووە و مامەڵەی پێوە دەکات و تەکیدیش دەکاتەوە کە لەم هەفتەیەدا ئەمەریکا بڕیاری سفرکردنی هەناردەی نەوتی ئێران دەدات و ئەو حاڵەتانە هەڵدەگرێت کە بە هەندێ وڵات ڕێگەدرابوو نەوتی ئێران بکڕن.

هەوڵی دەرکردنی نزیکەی 80 خێزانی کورد لە کەرکووک دەدرێت


مەریوان جەلال، بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی لقی3ـی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کەرکووک، بە خەباتی ڕاگەیاند، ئەو خێزانانە دانیشتووی خانووەکانی کۆمپانیای نەوتی کەرکووکن لە عەرەفە زۆرینەیان کوردن. مەریوان جەلال هەروەها ڕایگەیاند، کە هەوڵ دەدرێ لە بری ئەو 80 خێزانە کوردە، خەڵکی عەرەب لەو خانووانە نیشتەجێ بکرێن بە مەبەستی بە عەرەبکردنەوەی شارەکە. دوای خیانەتی 16ـی ئۆکتۆبەری 2017 ئیدارەی کەرکووک، کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بەسەر شارەکەیاندا سەپاند، بەردەوامە لە هەوڵەکانی بە عەرەبکردنەوەی کەرکووک و دەرکردنی بەرپرسانی کورد و خەڵکی کورد لە شارەکە.

دەروازەی نێوان باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بە هۆکارێکی سروشتی داخرا



دەروازەی سنووریی نێوان باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بە هۆکارێکی سروشتی، داخرا. شەوکەت بەربوهاری، بەڕێوەبەری کۆمەڵگەی سنووریی پێشابیر بە خەباتی ڕاگەیاند، ئاستی ئاوی ڕووباری خابوور بەهۆی بارانبارینی بە خوڕەوە بەرز بووەتەوە.

شەوکەوت بەربوهاری هەروەها ڕایگەیاند، کە بەهۆی دروستبوونی مەترسی بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاوی ڕووبارەکە، بەشێوەیەکی کاتی دەروازەی سنووریی پێشابیر-سێمالکا داخراوە و هەر کاتێ ئاستی ئاوی ڕووبارەکە نزم بووەوە، دەروازەکە دەکرێتەوە. هەر لەبارەی بارانبارینەوە لە سنووری پارێزگای دهۆک، ئومێد مەعسوم مایی، بەڕێوەبەری کەشناسی و بووملەرزەزانیی دهۆک بە «خەبات»ی ڕاگەیاند، تا ئێستا لە دهۆک بە گشتی، یەک هەزار و 159 ملیمەتر باران باریوە، کە دوو هێندەی ئاستی پێویستە لە دهۆک.



شاندێکی پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی سکرتێری پەرلەمان لە بەغدا چەند دیدار و کۆبوونەوەیەکی گرنگی ئەنجامدا

خەبات/عەلی بانیشاری:
20ی ئەم مانگە لەسەر بانگهێشتی فەرمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، شاندێکی پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی مونا قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمان و بە یاوەری لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوشی کوردستانی و نوێنەری پێکهاتەکانی کلدان و ئاشوور و سریانی بەشداریان لە لوتکەی بەغدا بۆ سەرۆک پەرلەمانەکانی وڵاتانی دراوسێی عێراق کرد.
لە پەراوێزی لوتکەدا و هەمان ڕۆژ سکرتێری پەرلەمانی کوردستان و شاندی یاوەری لەلایەن محەمەد حەلبوسی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، حەلبوسی خۆشحاڵی خۆی بە ئامادەبوونی سکرتێری پەرلەمانی کوردستان و شاندی یاوەری لە لوتکەی بەغدا دەربڕی.
هەر لە پەراوێزی لوتکەی بەغدا و 20ی مانگ شاندی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ هەردوو شاندی پەرلەمانی ئێران و ئوردن کۆبوونەوە.
لە کۆبوونەوەکانی شاندی پەرلەمانی کوردستان و شاندی پەرلەمانی هەردوو وڵات باس لە پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمانی کوردستان و ئێران و ئوردن کرا، شاندی پەرلەمانی ئێران و ئوردن بەشداری شاندی پەرلەمانی کوردستانیان لە لوتکەی بەغدا بە گرنگ وەسفکرد.
مونا قەهوەچی لەپاش گەڕانەوەی بۆ هەولێر لەبارەی ئەنجامی دیدار و کۆبوونەوەکانیان لە بەغدا بە (خەبات)ی گوت: بەشداری شاندی پەرلەمانی کوردستان لە لوتکەی بەغدا جێگەی بایەخی شاندی پەرلەمانی سەرجەم ئەو وڵاتانە بوو کە بەشداری لوتکەکەدا کردبوو.
گوتیشی: دەمانەوێت پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەرەو باشتر بچێت و پێکەوە لەسەر ئاستی لیژنە پەیوەندیدارەکان هەماهەنگیمان هەبێت. سکرتێری پەرلەمانی کوردستانیش لە کۆبوونەوەکانیان لە بەغدا ڕەچاوکراوە بەرزنرخاند. هەر 21ی مانگ شاندەکەی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ د. بەشیر حەداد، جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبوونەوە، د. بەشیر حەداد خۆشحاڵی خۆی بە ئامادەبوونی شاندی پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی لوتکەی بەغدا دەربڕی، لەلایەن خۆیشەوە مونا قەهوەچی بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە دەستخۆشی لە بەڕێز د. بەشیر حەداد کرد بۆ ئەو هەوڵ و ماندووبوونەی کە داویەتی بە ئامانجی بەشداری شاندی پەرلەمانی کوردستان لە لوتکەی بەغدا.
بۆ ڕۆژی دووەم و 21ی مانگ شاندی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ سالم غصاب الزمانان، باڵیۆزی کوێت لە عێراق کۆبوونەوە. دواتر هەمان شاند چاوپان بە حسن الکعبی، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کەوت، لە دیدارەکەدا شاندی پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵی بەڕێز (حسن الکعبی) یان لە پەسەندکردنی بودجەی عێراق بە جۆرێک کە مافەکانی هەرێمی کوردستانی تێدا



حکوومەتی نەمسا: ئامادەین دۆستایەتیمان لەگەڵ حکوومەتی کوردستان بەهێزتر بکەین

لەمیانی پێشوازییە فەرمییەکانی دەسەلاتداران و سیاسەتمەدارانی نەمسا لە فەلاح حەسەن، ئەو لاوە کوردەی کە هەردوو پۆستی جێگری سەرۆکایەتیی لاوانی سیاسیی ئەوروپا و جیهانی هەیە، لەلایەن خاتوو ئەلیزابیت کۆشتینگەر وەزیری گەشتوگوزار و پەرەپێدانی لاوانی نەمساوە پێشوازی لێ کرا. لە دیدارەکەدا، فەلاح حەسەن باسی لە ڕەوشی سیاسی هەردوو ڕێکخراوی لاوانی ئەوروپا و جیهان کرد و پاشان تیشکی خستە سەر بارودۆخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان لە دوای شەڕی داعش و جێماوەی ئایدۆلۆژیای ئەو ڕێکخراوە لەنێو میشکی بەشێک لە گەنجانی شارەکانی عێراق و دەوروبەری، کە بێگومان جێگەی ترسە بۆ سەر هەرێمی کوردستانیش. فەلاح حەسەن، هەروەها باسی لە سەروبەندی دروستکردنی کابینەی تازەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش کرد و هیوای خواست پەرە بە دۆستایەتیی نێوان هەرێم و نەمسا بدرێت.
لای خۆیەوە، خاتوو ئەلیزابیت پشتگیریی خۆی بۆ هەرێمی کوردستان و لاوانی هەرێمی کوردستان دەربڕی و ئاماژەی بە قارەمانیەتیی گەلی کورد کرد بۆ بەرگریکردن لە هەرێمەکەیان و پێشوازییان لە لێقەوماوانی جەنگ و تیرۆر، هیواشی خواست کە گەنجی کورد زیاتر ڕۆڵ ببینێ لە سەکۆ نێودەوڵەتی و سیاسییەکانی جیهانیدا تا بتوانن پەیامی میللەتەکەیان بگەیەنن کە گرنگە بۆ نەوەی تازە و پێگەیشتووی دونیا شارەزایییان لەسەر مێژووی ئەم میللەتە خەباتکارە هەبێت. وەزیری گەشتوگوزار و پەرەپێدانی لاوانی نەمسا گوتیشی، ئامادەین دۆستایەتیمان لەگەڵ حکوومەتی کوردستاندا بەهێزتر بکەین. شایەنی باسە (کریستیان زوول) کاندیدی پەرلەمانی ئەوروپا و ئەندامی سەرکردایەتیی لاوانی سیاسیی ئەوروپا، لەو سەردانەدا یاوەری جێگری سەرۆکی لاوانی سیاسیی ئەوروپا و جیهان بوو.

شوێنە کولتووری و پێگە شوێنەوارییەکانی مووسڵ خەریکە لەناوەچن

مووسڵ.. ئاوارەکان بە هۆکاری جیاواز ناتوانن بگەڕێنەوە زێدی خۆیان



خەبات-کەنعان بەهائەدین:
مووسڵی کۆن، دەکەوێتە بەری ڕاستی ئەو شارە و پێگەیەکی کۆن هەیە، باڵەخانە و خانوو و دووکانی کۆن و ڕزیوی زۆریشی تێدایە، بێجگە لەوەی ئەو بەشەی مووسڵ، بە هۆی هێرشەکانی چەکدارانی داعش لەگەڵ زەوی تەخت بووە، هاوکات بە هۆی باران و لافاوی ئەم دواییەش، زۆرێک لە خانووەکانی مووسڵ وێران بوونە و هاوواڵاتییانی ئەو ناوچانەش دووبارە ڕوویان لە کەمپەکانی دهۆک و هەولێر کردووەتەوە.
ڕۆژنامەی ئەلزەمانی چاپی عێراقی بڵاوی کردووەتەوە، هاوواڵاتییانی مووسڵ بە هۆی وێرانبوونی خانووەکانیان بە تایبەت بەری ڕاستی شارەکە، پێویستیان بە پاڵپشتی هەیە، تاوەکو خانەوادەکانی ئەو بەشەی مووسڵ بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانیان، چونکە ئەو بەشەی مووسڵ سێ جار ڕووبەڕووی هێرش بووەتەوە، هێرشی داعش، ئازادکردنی لە چنگی داعش، هەروەها بە هۆی لافاو و باو و بارانی ئەم دواییەش، بە هۆی هەموو ئەوانە خەڵکی بەری ڕاستی مووسڵ دووبارە پەنایان بردووەتەوە بەر بەری چەپی شارەکە و لەوێ ژیان بەسەر دەبەن.
ڕۆژنامەی ئەلزەمانی چاپی عێراقی لە زاری خەڵکی ئەو شارەوە بڵاوی کردووەتەوە کە مووسڵ بەتایبەت بەری ڕاستی تووشی کارەساتی مرۆیی بووەتەوە و سیاسییەکانی عێراقیش ئاوڕی جیدی لێ نادەنەوە، ئەو ڕۆژنامەیە ئاماژەی بۆ ئەوەشکردووە مووسڵ بێجگە لەوەی وێران بووە، هاوکات زۆربەی شوێنە کولتووری و پێگە شوێنەوارییەکانیشی خەریکە لەناودەچن و بە هۆی ئەوەی لافاو و باران تێکی داون و لە بەینی بردوون، لەمبارەیەوە ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ داوای کردووە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەرچی زووە کۆنفراسێک یاخود دانیشتنێکی تایبەت بە ڕەوشی خراپی مووسڵ سازبکات، بۆ ئەوەی پاڵپشتی دارایی و مەعنەویان بکرێت، تاوەکو هاوواڵاتییان لە کەمپەکانی هەولێر و دهۆکەوە بگەڕێنەوە بۆ شارەکەیان.
بەپێی ئامارەکانی پارێزگەکانی هەولێر و دهۆک، زیاتر لە ملیۆنێک و نیو ئاوارە و پەنابەر لەو دوو شارە بوونیان هەیە، کە کۆمەڵێک کەمپ و چادریان بۆ دروستکراوە، وێڕای ئەوەی دەزگا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان و دەزگای خێرخوازیی بارزانی کۆمەکی تەواوی کردوون و لە ڕووی تەندروستی و پەروەردە و شوێنی مانەوە، بە بەرزترین کوالێتی ژیان خزمەت دەکرێن، بەڵام ئەو هەموو ئاوارە و پەنابەرانە کە لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە هاوکاری ناکرێن بوونەتە بارگرانی بەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا حکوومەتی هەرێم درێغی نەکردووە لە خزمەتکردنی ئەو پەنابەر و ئاوارانەی بە هۆکارە جیاوازەکانی شەڕ و ئاڵۆزی و ململانێ سیاسییەکان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

سەزایی تەمەللی:

ئەوانەی خەبات بۆ مافی مرۆڤ دەکەن ڕووبەڕووی هێرش و دەستگیرکردن دەبنەوە

هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، سەزایی تەمەللی ڕایگەیاند، هەموو ڕۆژێک ڕووبەڕووی تووندوتیژی، هێرش و دەستگیرکردنی ئەوانە دەبینەوە کە خەبات بۆ ڕاستی و مافی مرۆڤ دەکەن. تەمەللی لە هۆڵی ئیدارەی فراکسیۆنی هەدەپە لە پەرلەمانی تورکیا، پێشوازی لە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کرد. لەو دیدارەدا تەمەللی گوتارێکی پێشکەشکرد و باسی لەوە کرد کە هەموو ڕۆژێک ڕووبەڕووی تووندوتیژی، هێرش و دەستگیرکردنی ئەوانە دەبینەوە کە خەبات بۆ ڕاستی و مافی مرۆڤ دەکەن و گوتی: ئەوانەی زۆرترین بەشخوراون لەوەدا دایکانن. بەتایبەتی ئەو تابلۆیەی لە گرتووخانەی گەبزە کە بووەتە هەمیشەیی کارگەری قوڵی لەسەر هەمووانی دروستکردووە. ئەو هێرشەی کرایە سەر دایکان با ناوەکەی ڕوون دانێین ئەوە ڕەزالەت و شتێکە نییەی قبوڵ بکرێت. پێویستە هەمووان لەوبارەیەوە هۆشیارین.

هەر وڵاتێک نەوتی ئێران بکڕێت سزا دەدرێت

باسنیوز: ئەمەریکا بەتەواوی ڕێگە لە هەناردەکردنی نەوتی ئێران دەگرێت و ماوەی بەخشینی وڵاتانیش لەکڕینی نەوتی ئێران کە لە مانگی ئایاری ڕابردوو ڕاگەیاندراوێکدا کۆشکی سپی بڵاوی کردەوە، "سەرۆک دۆنالد ترامپ بڕیاریدا ماوەی بەخشینی وڵاتان لە سزاکانی سەر ئێران کە لە مانگی پێنج کۆتایی دێت دریژ نەکاتەوە". ڕووبنیشکراوەتەوە، "مەبەست لە بڕیارەکە وەستاندنی هەناردەکردنی نەوتی ئێرانە بە تەواوەتی و نەهێشتنی سەرچاوە سەرەکییەکانی ڕژێمە". لەمبارەیەوە مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: "هەر وڵاتێک نەوتی ئێران بکڕێت، سزا دەدرێت، هاوپەیمانەکانیشمان هاندەدەین، پشت بە جێگرەوەی تر ببەستن بۆ نەوتی ئێرانی".



لە چیای حەمرین ئەمیرێکی داعش کوژرا

لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنێکی هێزە عێراقییەکان لە زنجیرە چیای حەمرین ئەمیر و تیرۆریستێکی مەترسیداری داعش کوژراوە کە دەستی لە چەندین کردەوەی تیرۆریستیدا هەبووە.
لە ڕاگەیاندنداوێکی دەزگای دژە تیرۆری عێراقدا کە وێنەیەکی دراوەتە خەبات هاتووە، هێزەکانی دژە تیرۆری عێراق، تیرۆریستێکیان بە ناوی "نیهاد ئەحمەد عەبدولسەلام کورەوی" لە زنجیرە چیای حەمرین کوشتووە و ئەو تیرۆریستە کوژراوە خەڵکی شارەدێی گوڵاڵەی سەر بە خانەقینە. ڕاگەیاندراوەکە ئاشکرای کردووە، تیرۆریستە کوژراوەکە بەرپرسی ئاسایشی گشتیی بەناو ویلایەتی دیالە بووە، هەروەها بەرپرسی پلاندانانی کردەوە تیرۆریستییەکان بووە لە چوارچێوەی پارێزگاکانی دیالە و کەرکووک و چەندین کردەوەی تیرۆریستی لە خانەقین و گوڵاڵە و قەرەتەپە ئەنجام داوە.

کاتی قەرەبووکردنەوەی «زیانلێکەوتووانی لافاو» لە باشووری کوردستان دیار نییە



دانا شەهید جەزا:

وەکو پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق کردووە قەرەبووی هاووڵاتیانی زیانلێکەوتووی لافاو لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە



کەنعان خەیلانی:

ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بەمەبەستی چۆنیەتی قەرەبووکردنەوەی ئەو هاووڵاتیانەی کە بەهۆی لافاوەوە زیانیان بەرکەوتووە دانیشتنێکی فراوان ئەنجامدەدات

خەبات/عەلی بانیشاری:

هێشتا بەتەواوی قەبارەی زەرەو زیانەکانی لافاوەکەی چەند هەفتەی رابردووی باشووری کوردستان نەزانراوە کە بەهۆیەوە ژمارەیەکی زۆر پرۆژە و خانووی هاووڵاتیان و بەشێک لە ریگاوبانەکان و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دارمان و ژێر ئاو کەوتن. ئەندامێکی کوردی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێ: لە بودجەی 2019ی عێراقدا بڕێک پارە بۆ ڕووداوی لەناکاو تەرخانکراوە، بەڵام بۆ خەرجکردنی پێویستی پە ڕەزامەندی حکوومەتە. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر دەڵێت: ئەنجوومەنی پارێزگا پاش پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی بەدواداچوون و بەرەنگاربوونەوەی لافاو لە پارێزگای هەولێر کۆدەبێتەوە و لەسەر قەرەبووکردنی هاوڵاتیانی زیانلێکەوتووی لافاو پێشنیاری خۆی ئاڕاستەی حکوومەت دەکات.

کەنعان خەیلانی، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر بە (خەبات)ی ڕاگەیاند: لەگەڵ لیژنەی بەدواداچوون و بەرەنگاربوونەوەی لافاو و کارەساتی سروشتی لە پارێزگای هەولێر کە سااڵنە لە سەرەتای وەرزی زستان دروست دەکات لەسەر خەتیان بۆ ئەوەی بزانین ئەو زەرەو زیانانەی بەهۆی لافاوەوە بەر هاووڵاتیان کەوتووە چەندە. گوتیشی: لیژنەکەی پارێزگا سەردانی ئەو ناوچانەی کردووە کە زەرەرمەندبوون، ئەوان ڕاپۆرتی خۆیان دەنوسن و قەبارەی زیانەکانیش دیاری دەکەن و ئاڕاستەی ئەنجوومەنی پارێزگای دەکەن.

ناوبراو دەشڵێت: چاوەڕوانین لیژنەکە ڕاپۆرتی خۆیان تەواو بکەن و بیدەن بە ئێمە، لیژنەی پەیوەندیاری ئێمەش دیراسەی دەکەن و یاداشتێک ئامادە دەکەن تا لە کۆبوونەوەی فەرمی ئەنجوومەنی پارێزگا گفتوگۆی لەسەر بکرێت و پاشان پێشنیار بۆ حکوومەت دەکرێت کە چۆن و بە چ شێوەیەک قەرەبووی هاووڵاتیانی زیانلێکەوتوو بکرێتەوە. خەیلانی هەروەها گوتیشی: ئەگەر حکوومەت هەرێم نەیتوانی قەرەبووی زیانلێکەوتووان بکاتەوە و بڕی پارەکە زۆر بوو، ئەوا داوا لە حکوومەتی عێراق دەکەین بەو کارە هەستێت. ئەو ئاماژەی بەوەشدا ریگاوبانەکان و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی حکوومەت و خانوو و پرۆژەی هاووڵاتیان و تەنانەت مەڕو ماڵاتیش بەهۆی لافاوەوە زیانیان بەرکەوتووە و قەبارەی زەرەرو زیانەکان زۆرن و پێویستە بودجەی بۆ تەرخان بکرێت.

پێشتر گۆران ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی کۆیە بۆ (خەبات)ی ئاشکرایکردبوو تەنها لە تەقتەق و دەروبەری بەهۆی باران و لافاوەوە بایی زیاتر لە 100 ملیۆن دینار زیان بەر دانیشتوانی سنورەکە کەوتووە. ئەوەشی گوتبوو: بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاوی زێی بچووک ژمارەیەکی زۆر حەوزی ماسی و مزاغەی ئاو و باخچەی هاووڵاتیان ئاو بردوونی.

دانا شەهید جەزا، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (خەبات)ی گوت: داوامان لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق کردووە قەرەبووی ئەو کەسانە بکاتەوە کە لە ئەنجامی لافاوەکەی چەند هەفتەی رابردوو زیانیان بەرکەوتووە. گوتیشی: وەکو پەرلەمنتارانی کورد داوای ئەوەشمان کردووە کە زیانلێکەوتووەکانی هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ ئاوارەکانی نیشتەجێی کەمپەکان کە زیانیان بەرکەوتووە و هاووڵاتیانی دیکەی عێراق بەر قەرەبوو بکەون. ئەوەشی گوت: لە بودجەی 2019ی عێراقدا بڕێک پارە بۆ ڕووداوی لەناکاو تەرخانکراوە، بەڵام تەواوی ئەو ناوچانە دەکات کە بەهۆی لافاوەوە زیان بەرکەوتووە و قەبارەی زیانەکان دەستنیشان دەکات. لە بودجەی ئەمساڵی عێراقدا بڕی 3ترلیۆن دینار بۆ ڕووداوە لەناکاوەکان تەرخانکراوە. لەو بڕەش 380 ملیار دیناری بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت.

بە بۆنەی 21ەمین ساڵیادی دەرچوونییەوە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن پیرۆزبایی لە گۆڤاری "سۆزە" دەکات

دوێنێ دووشەممە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی بە بۆنەی 21ـەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری "سۆزە" پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و سەرجەم ئەندامانی ستافی نووسین و هونەریی گۆڤارەکە کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێزان/ سەرنووسەر و سەرجەم ئەندامانی ستافی نووسین و هونەریی لە گۆڤاری "سۆزە"

بە بۆنەی 21ـەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری "سۆزە" گەرمترین پیرۆزبایییتان لێ دەکەین، ئومێدەوارین لە کاروچالاکیەکانتان بەردەوام بن و زیاتر لە هەموو ڕوویەکەوە پەرە بەو گۆڤارە ئازیزە بدەن.

گۆڤاری "سۆزە" کە تایبەتە بە مندالّە چاوگەشەکانی کوردستان، دەسکەوتێکی دیکەی بواری ڕۆشنبیریی و کولتووریی کوردیمانە و هاوکات ئاماژەیەکی ڕوونی بایەخی پارتیمانە بەو تویژە گرنگ و هەستیارەی کۆمەڵگەکەمان کە ئومێد و داهاتووی وڵاتن.

لەم یادەدا وێڕای دەستخۆشیمان، هیوادارین بۆ ساڵی داهاتوو زیاتر بڕەو بە پلان و بەرنامەی کار بدەن و گۆڤارەکەتان بەرەوپێشتر ببەن.

جارێکی دیکە لە ساڵیادی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی دا، کە هاوکاتە لەگەڵ ساڵرۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەی "کوردستان" پشتیوانی خۆمان بۆ بەردەوامیی و زیاتر پێشخستنی گۆڤاری "سۆزە" دووپات دەکەینەوە..

هەر لە پێشکەوتن دابن..

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/4/22



مەترسیی جیددی لەسەر پارێزگاکە دروست بووە

گەر بەپەلە هێز ڕەوانەی مووسڵ نەکرێت هەمان سیناریۆی ساڵی 2014 دووبارە دەبێتەوە

نوێنەرێکی پارێزگای مووسڵ لە ئەنجوومەنی نوێنەران، هۆشداریی داوە کە دۆخی ناوچەکانی ڕۆژئاوای مووسڵ باش نییە و مەترسی هەیە بکەوێتەوە دەست داعش. ئەحمەد مەدلوول، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، نامەیەکی ئاڕاستەی سەرۆکوەزیرانی عێراق کردووە و تێیدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە دۆخی ڕۆژئاوای مووسڵ زۆر خراپە و داعش بەردەوام تاوان دژی خەڵکی ناوچەکە ئەنجام دەدات و خەڵک دەڕفێنێت و خەڵکیش ناچارن گوندەکانیان چۆڵ بکەن، چونکە داعش لەم چەند ڕۆژەدا دەستی بە جوولّەی زۆر لە ناوچەکەدا کردووە. مەدلوول باسی لەوەش کرد، داعش لە ساڵی 2014 مووسڵی داگیرکرد و خەڵکێکی زۆر بووە قوربانی، بۆیە ئەگەر ئێستاش بەپەلە هێز ڕەوانەی سنووری قەزای بەعاج و تەلعەبتە و قەزای حەزەر و چەند ناوچەیەکی ڕۆژئاوای مووسڵ نەکەن، هەمان سیناریۆی ساڵی 2014 لەو ناوچانە دووبارە دەبێتەوە.

دیندار زێباری:

هەرێمی کوردستان لە پاراستنی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکاندا پێشەنگە



د. دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: لە دوای ئازادکردنی عێراق، هەرێمی کوردستان تاکە شوێنە کە تیایدا هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبییەکان هەست بە ئاسوودەیی دەکەن، تێیدا و لە هەرێمی کوردستاندا هیچ کەسێک لەسەر جیاوازی نەتەوەیی ڕووبەڕووی کێشە نەبووەتەوە. بە پێچەوانەوە حکوومەتی هەرێم بەردەوام پشتگیری لە پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی دەکات بەبێ ڕەچاوکردنی جیاوازی ئایینی، مەزهەبی و نەتەوەیی، دوای هێرشەکان داعشیش بۆ سەر مووسڵ بە سەدان هەزار کەس لە دانیشتوانی ئەم شارە و دەوروبەری ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد کە بەشی هەرەزۆریان لە پێکهاتە ئایینیەکان بوون بەتایبەتی کریستیان و ئێزیدی و و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش پێشوازیی لێکردن.

ئاشکراشی کرد لە ساڵی 2017 حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا ناوی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بگۆڕێت بۆ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی هەرێم هەست بە بوون و ئینتیمای خۆیان بکەن و وەزارەتی ناوبراو تایبەتمەند نەبێت تەنیا بە پێڕەوانی ئایینی ئیسلامییەوە، هەروەها پێکهاتە ئایینیەکانی دیکە نوێنەرایەتییان هەیە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، لە کاتێکدا پێشتر تەنیا ئایینەکانی ئیسلام و کریستیان و ئێزیدی بەڕێوبەرایەتی گشتییان هەبوو.

گوتیشی: دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1992 و پێکهێنانی پەرلەمانی کوردستان کە لە 100 کورسی پێکهاتبوو و 5 کورسی کۆتا بۆ کریستیانەکان، بەڵام لە ساڵی 2005 ژمارەی کورسی کۆتای پێکهاتەکان زیادکرا بۆ 11 کورسی بەم شێوەیە: 5 کورسی بۆ تورکمان و 5 کورسی بۆ کلدان، ئاشوری و سریان و 1 کورسیش بۆ پێکهاتەی ئەرمەن، ئەمەش نیشانەی پاراستن و گرنگیدانی هەرێمی کوردستانە بە گشت پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان کە لە هەرێمی کوردستان دەژین.

سەبارەت بە بواری کولتووری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان گوتی: حکوومەتی هەرێم درێغی نەکردووە لە پێشکەشکردنی پالپشتی ماددی بۆ چەندین سەنتەری ڕۆشنبیری و هونەری کلدان و ئاشوور و گرنگیدان بە دابونەریت و کلتوریان و دامەزراندنی مۆزەخانەی سریانی و چاپکردنی کتێب و نامیلکە و بڵاوکراوەکان بە زمانی سریانی و تورکمانی و عەرەبی بەو پەڕی ئازادی.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕاشیگەیاند: مایەی شانازییە کە ڕۆژی 2015/9/27 لە کلێسای مار یوحەنای چواردم لە هەولێری پایتەخت و لە ڕێورەسمێکی ئایینی گەورەدا بە ئامادەبوونی نوێنەری ڤاتیکان مەراسیمی گواستنەوەی کورسیی مەرجەعی ئاشوورییەکانی جیهان و ناوەندی کلێسای ڕۆژهەڵات لە ئەمەریکاوە بۆ هەولێر ئەنجامدرا. د. دیندار زێباری هەروەها گوتی: لە هەرێم چەند یاسا کاریان پێدەکرێت کە بۆ خزمەتکردنی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان دەرچوون و نیشانەی پەرۆشیی حکوومەتی هەرێمن بە پاراستنی مافی گشت پێکهاتەکان. لە لایەکی دیکەوە ڕۆژی 2017/7/9 بەڕێوەبەرایەتی پێکەوەژیانی نێوان ئایینەکان، لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی دامەزراوە بە ئامانجی پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان گشت پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان لە چوارچێوەی سیاسەتی یەکسانی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیڕەوی دەکات.



ژمارەی قوربانییان گەیشتە 290 کوژراو و زیاتر لە 500 بریندار

ڕاجیتا سیناراتنی: ئەو خۆکوژانەی هێرشیانکردە سەر کڵێسا و هوتێلەکان هاووڵاتی سریلانکان

حکوومەتی سریلانکا ڕایگەیاند: گرووپێکی چەکداری خۆجێیی بەڕپرسە لە ئەنجامدانی ئەو پەلامارە تیرۆریستییانەی کە ڕۆژی یەکشەممە، ژمارەیەک کڵێسا و هۆتێلیان لەو وڵاتە کردە ئامانج و لە ئاکامدا، دەیان کەس کوژران و بریندارببوون. وەزیری تەندروستی سریلانکا، ڕاجیتا سیناراتنی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی سازکرد و تیایدا نوێترین زانیاری لەبارەی پەلامارە تیرۆریستییەکانی ڕۆژی یەکشەممەدا، خستەڕوو. ئاژانسی هەواڵیی ئەسۆشیەیتید پرێس بڵاویکردەوە، ڕاجیتا سیناراتنی ئاشکرایکردووە کە گرووپێکی چەکداری خۆجێیی بەناو گرووپی تەوحیدی نیشتمانی، بەڕپرسە لە ئەنجامدانی ئەو پەلامارە تیرۆریستییانەی کە لەو وڵاتە ڕوویاندا. وەزیری تەندروستی سریلانکا ئەوەشی گوتووە: ئەو حەوت خۆکوژە کە هێرشە یەک لە دوای یەکەکایان لە سێ کڵێسا و سێ هوتێلی گەورە لە شاری کۆلۆمبۆی پایتەخت ئەنجامدا، هاووڵاتی سریلانکان. ڕۆژی یەکشەممە هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی جەژنی قیامەی مەسیحییەکان، زنجیرەیەک پەلاماری تیرۆریستی، ژمارەیەک کڵێسا و هوتێلیان لە چەند شار و شارۆچکەیەکی سریلانکا کردە ئامانج و بەپێی نوێترین ئامار کە لە لایەن پۆلیسی ئەو وڵاتەوە بڵاوکراوەتەوە، ژمارەی قوربانیانی ئەو پەلامارە تیرۆریستییانە گەیشتووەتە، 290 کوژراو و زیاتر لە 500 بریندار.

بە ئامادەبوونی ساسان عەونی، کۆڕێک بۆ نووسەر و ڕۆشنبیری کورد ڕێبوار سیوەیلی بەڕێوەچوو



ئامادەبوونی ساسان عەونی، بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەکی دیکە لە ئەندامانی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و کادیرانی دەستە و هەروەها ژمارەیەکی دیکەش لە قوتابیان و لاوان و ڕۆشنبیرانی کوردستان، لەلایەن هەردوو یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، لە سەنتەری ئالا، کۆڕێک بۆ نووسەر و ڕۆشنبیری کورد، ڕێبوار سیوەیلی بە ناونیشانی لە شارستانیەتی کاغەزەوە بۆ شارستانیەتی شاشە، ڕێکخرا.

سەرکردایەتی و بەرپرسی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشێک لە هەڤاڵان و ئەندامانی دەستەی ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی لە شاری هەولێر

کۆڕێک بۆ نووسەر و ڕۆشنبیری کورد، ڕێبوار سیوەیلی بەڕێوەچوو.

ڕۆژی 2019/4/22 لە شاری هەولێر و بە بۆنەی یادکردنەوەی 121 ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی، بە

لە هەرێمی کوردستان بە بۆنەی 121مین ساڵوەگەڕی ڕۆژنامەگەری کوردی چەندان چالاکی ڕۆشنبیری و هونەری و کۆڕ و سیمیناری تایبەت بەو یادە بەڕێوەچوون. هەر بەم بۆنەیەوەش بە ئامادەبوونی ساسان عەونی، ئەندامی

پێشمەرگەی فیداکاری ڕێبازی بارزانیی نەمر (تاهر خانۆ زێوەیی) کۆچی دوایی کرد



خەبات ـ سەفەر ژلاوکی

دوای ململانێکی زۆر لەگەڵ نەخۆشی پێشمەرگەی ماندوونەناس تاهر خانۆ زێوەیی کۆچی دوایی کرد، لە مەراسیمێکی شایستە بە ئامادەبوونی کەسوکار و هاوسەنگەرانی لە گوندی دەربۆتکی سەر بەدەڤەری بارزان بە خاک سپێردار.

خوالێخۆشبوو ساڵی 1941 لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە گوندی زێوە سەر بە دەڤەری بارزان لە دایک بووە. تاهر خانۆ زێوەیی لە تەمەنی منداڵییەوە دابووە لە ساڵی 1945 لەگەڵ کەسوکاری ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و باوک و برا و کەسوکاریان بەشداریان لە پاراستنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد کرد و دوای تێکچوونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد برای قارەمانی خوالێخۆشبوو ساڵح خانۆ زێوەیی یەکێک لە یاوەرانی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران بووە، خوالێخۆشبوو هەتا گەورە بوونی زۆر غەریبی و دەردەبەری بینووە، لە سەرەتایی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە ساڵی 1961 لەگەڵ کەسوکاری دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و بەشداری لە چەندەها داستانی ناوبانگی هەبووە وەک سەر ئاکرێ و لۆمانا و پیرس و هتد.. ڕۆڵی هەبووە و فیداکار و چاونەترس و کەسێکی خۆشەویست لە ناو هاوسەنگەرانی دابووە، دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئاوارەی ئێران دەبێت و بەشداری لە شۆڕشی گوڵانی دەکات، کەسوکاری لە لایەن ڕژێمی بەعس لە ساڵی 1983 لە قوشتەپە ئەنفال کراوەن ، دوای ڕاپەڕین لەگەڵ کەسوکاری دەگەڕێتەوە کوردستان لە گوندی دەربۆتکی سەر بە دەڤەری بارزان نیشتەجێ دەبێت، لەبەر خەباتی و ماندووبوونی خانەشینی پێشمەرگە دەبێت. جگە لە پێشمەرگایەتی مرۆڤێکی بەڕەحم و دڵسۆز و کۆمەڵایەتی و کەسایەتی دەڤەری بارزان بووە، هەمیشە خۆی بە پێشمەرگەی ڕێبازی بارزانیی دەزانی، دوای ململانێکی زۆرلەگەڵ نەخۆشی خوالێخۆشبوو لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەولێر لە تەمەنی (78) ساڵی کۆچی دوایی کرد. **پرسەکەی: لەگوندی دەربۆتکی سەر بە دەڤەری بارزان ـ ە**

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز کاک جەزا حاجی عەلی گەلاڵی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو حەیات ڕەشید ئەمین ـ ی هاوژینی بەڕێزتانمان پێگەیشت.

هاوخەمیمان بۆ بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەرەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و دۆست و ئاشنایانتان و خزمانی گەلاڵی ڕادەگەیەنین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

یارەکای بارزانی

لقێ 20ێ شێخان مامۆستایەک خەلات کر کو تەزیەک 800 مەتری چێکربوو

خەبات ـ ئالان شەهاب: دوهی ڕۆژا دووشەمبی ڕێکەفتی 2019/4/22 ، خەلاتێ ڕێزلێنان هاتە بەخشین بۆ مامۆستا هونەر) بۆ وی کارێ وی کری (دروست کرنا تەزیا) ئەوا (182000) دەنکی کو ڕامانا ئەنفالێ بوو. ژ لایێ لقا بیست شێخان محمود ئیزدی و هەروەها پشکا جەماوەری لقا بیست ئازاد ئیسماعیل و محەمەد سەلیم شەرەفانی بەڕێوبرێ لیژنا ناوچا قەسرۆک یا پارتی دیموکراتی کوردستان و مامۆستا کەریم فتاح نوێنەرێ ئیکەتیا مامۆستایان کەرتێ شێخان و چەندین هەڤاڵێن دیکە و چەندین مامۆستایان هاتە پێشکەشکرن. دوو خەلات کو هەر ئێک ژ لایێ ئێکەتیا مامۆستایان و پشکا جەماوەری لقا بیست هات بوو ئامادەکرن. ل دوماهیێ دەست خۆشیێ ل مامۆستا هونەر هاتە کرن



بەڕێوەچوونی ڕێکخراوی جەماوەری و پیشەییەکانی پارتی لە شاری هەولێر



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

فاخیر کرمانجی گوتەبێژی تەندروستی هەولێر ڕونیکردەوە: لە چوارچێوەی ئەو نەشتەرگەریە دەگمەن و گەورانەی کە لەنەخۆشخانەکانی شاری هەولێر ئەنجامدراوە بریتیە لە نەشتەرگەریەک بۆ نەخۆشێکی تەمەن 30 ساڵان و دووچەقۆو پێنوسێکیان لەناو سکی دەرهێناوە و لە ئێستاشدا باری تەندروستی ئەو نەخۆشە جێگیرە. شایانی باسە ئەو نەشتەرگەریە بەهەوڵ و کۆششی دکتۆر بلند سیروان و دکتۆر تەحسین حوسێن پسپۆڕی نەشتەرگەری گشتی و دکتۆر تەیب مەحەمەدکارەکەی بۆ ئەنجامدراو نەشتەرگەریەکەش بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات.

فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان ڕێزی لە نووسەر و وەرگێڕێک نا

بەبۆنەی یادی 121ی ڕۆژنامەگەریی کوردی فراکسیۆنی پارتی لەپەرلەمانی کوردستان لەمەراسیمێکدا لەهەمبەر ڕۆلی لەنووسین و وەرگێڕاندا کەزیاتر لە 50 کتێبی وەرگێڕاوەتە سەر زوبانی کوردی ڕێزی لە زێبارعزیزخان مهاجر گرت. لەمبارەیەوە، وەیسی سەعید وەیسی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند بەمەبەستی بەرزنرخاندنی ڕۆلی زێبارعزیزخان لەنووسین و وەرگێڕاندا بەپێویستمان زانی لەیادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا ڕێز لەهەوڵ و کۆششەکانی بگرین کە وەک گەنجێک لەتەمەنێکی کەم دا توانیوێتی زیاتر لە 50 کتێب وەربگێڕێتە سەر زوبانی کوردی.

نۆیەمین پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ ئاوەدانکردنەوە و بیناسازی و وزە کرایەوە



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

دوێنێ لە پێشانگای نێو دەوڵەتی هەولێر بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دکتۆر عەلی سندی وەزیری پلاندانانی هەرێمی کوردستان و دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێرو دەرباز کۆسرەت ڕەسوڵ وەزیری ئاوەدانکردنەوەو بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو دارا جەلیل خەیات سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەرێم و ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرە گشتیەکان و کونسوڵی وڵاتان و ژمارەیەک لە بازرگانان یازدەهەمین پێشانگای ئاوەدانکردنەوەو بیناسازی بەبەشدار 200 کۆمپانیا لە 15 وڵات کرایەوە.

ئامانجیش لە کردنەوەی ئەو پێشانگایە زیاتر بەرەو پێشەوە بردنی کەرتی ئاوەدانکردنەوەیە لە کوردستان و تیایدا 22 کۆمپانیای وڵاتی سعودیە بەشداریان لە پێشانگاکە کردووە لەمیانەی ئەو پێشانگایەدا جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم ڕوونیکردەوە: کردنەوەی ئەو جۆرە پێشانگایانە لە کوردستان گرنگیدانە بە کەرتی بیناسازی و پیشەسازی و تیایدا ژمارەیەک لە گەورە کۆمپانیایەکی ئەوروپی و عەرەبی بەشداریان لە پێشانگایەدا کردووەو نمایشی کەل و پەلەکانیان کردووەو حکومەتی هەرێمی کوردستانیسش بەردیەوام پالپشتی لە بازرگانان و وەبەرهێنەران کردووەو ئاسانکاری تەواوی بۆ کردوون. جگە لەوەش هەمیشە هەولەکانی حکومەتی هەرێم بە ئامانجی خزمەتکردنی هاوڵاتیان بووە لە کوردستان و لەسایەی حکومەتی هەرێم بووژاندنەوە لە هەموو کەرتەکان بەرچاو دەکەوێت و هەمیشە هەولێ ئەوەش دراوە کە کۆمپانیا گەورەکانی دونیا بێن لە کوردستان پرۆژە ئەنجام بدەن

دواتر وەزیری ئاوەدانکردنەوە ڕونیکردەوە: خۆشحاڵین بە کردنەوەی یازدەهەمینی ئاوەدانکردنەوە لە پێشانگای نێو دەولەتی هەولێرو کردنەوەی ئەو جۆرە پێشانگایانە تایبەتمەندی خۆی هەیەو لەپێشانگای ئەمجارەدا 200 کۆمپانیا لە 15 وڵاتی ئەوروپی و عەرەبی و وڵاتانی دراوسێ بەشداریان کردووە ئەوجۆرە پێشانگایانە نیشانەی ئاوەدانی و پیشکەوتنی کوردستان پیشان دەدات دیارە کوردستانیش ناوچەیەکی ئارامە بۆیە ئەو هەموو پێشانگایانەی تیا دەکرێتەوەو جموجۆڵی ئابووری و بازرگانی زۆر لەکوردستان بەرچاو دەکەوێت و بارودۆخی دارایی هەرێم بەرەو باشی دەڕوات و دۆخی هەرێم بەرەو ئاوەدانیەکی پێشکەوتوو هەنگاو دەنێت لە هەموو ڕوویەکەوە دیارە هەرێمی کوردستان لە ڕووی جوگرافیا و جیۆپۆلیتیکەوە ناوچەیەکی ستراتیژی زۆر گرنگەو ئومێد دەکەین لەداهاتوودا زیاتر بەرەو پێشەوە دەڕوات ئەوەتا لە کوردستان چەندین کۆمپانیای پیشەسازی گەورەمان هەیەو بەرهەمی کوردستانە هەنارەدی دەرەوە دەکرێت و بەرهەمی ناوخۆ کێبرکێی بەرهەمی دەرەوە دەکات ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەرێمی کوردستان هەنگاوی گەورەی هاوێشتووە ئەگەر شەڕی داعش نەبووایە کوردستان زیاتر بەرەو پێشەوە دەچوو

دواتر عەبدولا ئەحمەد عەبدولڕەحیم سەرپەرشتیاری پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر ڕونیکردەوە: کردنەوەی پێشانگای ئەمجارە یازدەهەمین پێشانگای ئاوەدانکردنەوەو بیناسازیە دەکرێتەوە لە ژێر چاودێری وەزارەتی ئاوەدانکردنەو بەبەشداری 200 کۆمپانیا لە 15 وڵات و تیایدا 5 وڵاتی عەرەبیلەگەڵ شەش وڵاتی ئەوروپی و وڵاتانی دراوسێ و وڵاتی چین و تایوانیش بەشدارە لەو پێشانگایەداو ماوەی چوار ڕۆژ ئەو پێشانگایە بەردەوام دەبێت لە کاتژمێر 11 تا کاتژمێر 7ی ئێوارەو هەموو کەسێک دەتوانێ سەردانی ئەو پێشانگایە بکات و ئەوەی کە زۆر گرنگە وڵاتی سعودیە بەهێزێکی زۆرەوە بە 22 کۆمپانیا بەشداری لەو پێشانگایەدا کردووە بریارە وایە پێشانگای دیکەیش بکرێتەوەو کارێکی دیکەی گرنگ بەرنامەیەکان هەیە لە دوا ڕۆژەکانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز خواردن و ئەویش وەکو پێشانگا وایەو ڕۆژانە 150 تا 200 کەسی هەژار خواردنیان پێ دەدەین.

دواتر بریکاری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ڕونیکردەوە: دیارە پێشانگای ئەمجارە کە یازدەهەمین پێشانگای بیناسازی و کەل و پەلی بیناسازی و ئامێرو بەردی سروشتیە لەژێر چاودێری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە چەندین ساڵ جارێک ساز دەکرێ پێش قەیرانی دارایش ئەو جۆرە پێشانگایە هەر دەکرایەوە بەڵام دوای نەمانی ئەو شەڕە دووبارە ئەو پێشانگایە کرایەوە ئامانجیش لەکردنەوەی ئەو جۆرە پێشانگایە دروست کردنی یەکتر ناسین و دۆستایەتیە لە نێوان کۆمپانیا نێو دەولەتیەکان و کۆمپانیاکانی ناوخۆیەکان جگە لەوەش پتەوکردنی پەیوەندی نێوانیان کاری گرنگی ئەو پێشانگایەیە و کەش و هەوایەکی ڕەخساو بۆ کاری هاوبەش دەخولقێنێ و ئاشنامان دەکات بە تازەترین تەکنەلۆژیای وڵاتان لە بوارەکانی بیناسازی و پیشەسازی,,, هتد.

عەلی حسێن پیرۆزبایی 121 مین ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی و 21 یەکەمین ساڵیادی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی لەسەندیکای ڕۆژنامەنووسان کرد

بەمەبەستی بەرزو پیرۆز ڕاگرتنی 121هەمین ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی و 21یەکەمین ساڵیادی سەندیگای ڕۆژنامە نوسانی کوردستان، ئەمڕۆ عەلی حسێن بەڕپرسی پەیوەندییەکانی پارتی بەیاوەری بەڕپرسی ڕاگەیاندن سەردانی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستانی لە شاری هەولێر کرد و لەلایەن حاکم ئازاد حەمەدەمین نەقیبی سەندیگای ڕۆژنامەنوسان و ئەندامانی سەندیکا پێشوازی کرا . لە دیدارێکدا بەڕپرسی



پرسی پەیوەندییەکان پیرۆزبای ئەم ڕۆژە پرشنگدارە میژوویی ئاراستەی نەقیب وئەندامانی سەندیگا و تەواوی ڕۆژنامەنوسان کرد، پاشان ئاماژەی بەرەوشی ڕۆژنامەنوسی لە هەرێمی کوردستان کرد، لەم ڕووەوە تەئکید لە ڕۆل وگرنگی ڕۆشنبیران بەگشتی و پیشەی ڕۆژنامەنوسی بەتایبەتی کرد کە دەتوانێت مامەلەیەکی تەندروست و پرۆفیشنالانە و دیموکراسیانە بکات، هەروەها بەڕپرسی بەڕپرسی پەیوەندییەکان تەئکیدی کردەوە میدیا بەگشتی ڕۆژنامەنوسان بەتایبەتی دەتوانن گۆرانی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا دروست بکەن بەوپێیەی کە دەسەلاتی چوارەمە ، بۆیە دەبێ لەم یادەدا بەگیانێکی نەتەوەیی و لە خۆبوردەییەوە کاربۆ پێشکەوتنی ئەزموونی دیموکراسی و ئازادی و کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بۆ هەرێمی کوردستان بکەین.

پارێزگاری هەولێر سەردانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی کرد



بەبۆنەی 121 ساڵەی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەنێوی (کوردستان) کە لەقاهیرە لەلایەن خانەوادەی میقداد میدحەت بەدرخان لە 22ی نیسانی ساڵی 1898 دەرچوو و بووە دەستپێکی میژووی ڕاگەیاندنی کوردی ، نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بەیاوەری تاهیر عەبدوڵا جێگری پارێزگار سەردانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیان کرد و لەلایەن حاکم ئازاد حەمەدەمین نەقیبی سەندیکا پێشوازیان لێکرا .. لە دیدارێکدا باسی ڕەوشی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی کوردی کرا بەگشتی ، کە لە کوردستان فەزاو ئازادییەکی فراوان بۆ کاری ڕۆژنامەگەری فەراهام بووە و ڕاگەیاندنکاران توانیویانە پەیام و زانیارییەکان بەپەڕی ئازادییەوە بگەیننە هاووڵاتیان.

هەروەها تیشک خرایە سەر ئەو پێشڤەچوونە تەکنیکی و مرۆییە کە ڕەوشی ڕاگەیاندن لە حاڵی ئێستادا بەرجەستەیەو داواش کرا ڕۆژنامەنووسان بەو پەڕی پیشەییەوە مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکان و ڕووداوەکان بکەن و پارێزگاری هەولێریش لە ڕێگەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانەوە پیرۆزبایی خۆی گەیاندە نەقیب و تەواوی ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنکاران.

وەزیری پەروەردە بەشداری یەکەمین کۆنسێرتی بەهارەی قوتابخانەی شیلانی ئینگلیزی کرد



د. پشتیوان سادق وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندی هەولێر، بەئامادەبوونی چەندین بەپرسی حزبی و حکومی بەشداری کۆنسێرتی بەهارەی قوتابخانەی شیلانی ئینگلیزی لە شاری هەولێر کرد.

سەرەتای مەراسیمەکە بەڕێوەبەری قوتابخانە وتەیەکی پێشکەش کرد و گوتی "پەروەردەی جۆری یەکێکە لە ئامانجەکانمان کە ئێمە کاری لەسەر دەکەین و هەوڵ دەدەین پەروەردە بکەینە هۆکارێک بۆ سوودگەیاندن بە قوتابی و خاک و نیشتمان، ئێمە دەمانەوێ نەوەیەک دروست بکەین کە ژینگەی دوروبەر و ولاتەکەی خۆش بوێت و ببێتە هاوڕێی ژینگە، ئێمە دەمانەوێ نەوەیەکی ڕاستگۆ دروست بکەین نەوەیەک دروست بکەین کە لە داهاتوو پشت بە توانا کانی خۆی ببەستێ، ئێمە گرنگی دەدەین بە کارامەیی و بەهرەکانی قوتابیان لە بوارەکانی چالاکی زانستی و کۆمەڵایەتی و هونەری و وەرزش". دوای پێشکەشکردنی چەندین چالاکی جۆراوجۆر لەلایەن قوتابیانی قوتابخانەکە، دکتۆر پشتیوان سادق لە وتەیەکیدا باسی هەندێک بابەتی سەبارەت بە قوتابخانەی شیلان کرد و گوتی "لە ساڵی 2014 لە شاری هەولێر ئێمە تەنها سێ قوتابخانەی ئینگلیزمان هەبوو ، خەڵکێکی زۆر منداڵەکانیان ناونووس دەکرد لەم قوتابخانانە ، ئێمەش وەکو وەزارەت پرسیارمان کرد بۆچی حەزدەکەن منداڵەکانتان بنێرە ئەم قوتابخانانە ، ئەوانیش دەیانگوت تاوەکو منداڵمان فێری زمانی ئینگلیزی بن. پاشان ئێمە وەک وەزارەت کۆبوونەوەیکمان لەسەر ئەم ئەساسە کرد و بریارماندا لە ساڵی 2014 یەکەم قوتابخانەی شیلانی ئینگلیزی دروست بکەین، خۆشبەختانە ئەم قوتابخانەیە سەرکەوتوو بوو ، بۆیە بریارماندا لە جیاتی ئەم قوتابخانە لە شاری هەولێر 85قوتابخانەی ترمان کردەوە کە قوناغ بە قۆناغ دەست پێ دەکات. لە ئێستا زۆربەی قوتابخانەکانمان زمانی ئینگلیزی دەخوێنن، بەڵام پێداگرییەکی زۆرمان لەسەر ئەوە کردوە کە نابێت ئەم زمانە کاریگەریی هەبێت لەسەر زمانی شیرنی کوردی، لەبەر ئەوەی یەکێک لە کۆڵگە بنەڕەتییەکانی زانست و فێربوون. ئەم پرۆسەیە لە هەموو کوردستان کاری پێ کرا و بەردەوامە و لە لایەن خۆمان و هەندێک زانکۆوە خول و ڕاهێنانمان بۆ مامۆستایان کردەوە و بەردەوامیشن".

وەزیری پەروەردە لە کۆتایی وتارەکەی داوای لە دایک و باوکان کرد کە هاوکاری پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن و دابینکردنی کەلوپەلی قوتابخانە و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان بن لە هەرێمی کوردستان" و پاشان سوپاسی یەکە بەیەکەی مامۆستایانی قوتابخانەی ناوبراوی کرد. لە کۆتاییدا لەلایەن وەزیری پەروەردەوە سوپاس و ڕێزلێنان بەخشرایە بەڕێوەبەر و مامۆستایانی بەشداربووی مەڕاسیمەکە.

هونەرمەند و سینەماکار ڕەفعەت ڕەجەب ئاکرەیی وەغەرا دویماهیێ کر

خەبات ـ سالح محەمەد تەیرۆ:

ب بەرهەڤبوونا سەباح بەیتوللا بەڕپرسێ لقێ9ێ پارتی دیموکراتی کوردستان و مازن محەمەد سەعید دەڤەردارێ ئاکرێ و ئەیوب ڕەمەزان ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ڕەوشەنبیری وهونەری ل دهۆک و بەڕپرسا سەندیکا هونەرمەندێن کوردستانێ لقێ دهۆک و سازییێن حزبی وحکومی و ڕێکخراوێن جەماوری و پیشەیی و ڕەوشەنبیر و نڤیسکار و هونەرمەند و جەماوەرکێ زۆر ڕێ و ڕسمێن ب خاک سپاردنا تەرمێ هونەرمەندێ سینەماکار ڕەفعەت ڕەجەب ئاکرەیی ل گورستانا ئاکرێ هاتە سازکرن ، دڤێ ڕێ و ڕسماندا بەڕپرسێ لقێ 9پەیڤەک پێشکێش کر وتێدا ئاماژە دا ئەو خزمەتا مەزن و یا بەرچاڤ ل بواری هونەرێ کوردی دا کری ودلسوز بوویە بۆ دوزا ڕەوایا مللەتێ خۆ کو ئەڤە ژی جورەکێ دی یێ خەبات و بەرخۆدانێ یە چونکە هەمی ژیانا خوە مەزاختی یە ل پێناڤ هونەرێ ڕەسەنێ کوردی و پاراستنا کەلەپورێ کوردی و خویا ژی کر کو قەدەرا ژیانێ ئەڤەیە کو مرۆڤ چەند یێ ساخ بیت لێ ڕۆژەکێ ژی دێ مالئاڤاهیێ لقێ ژیانێ کەتن لێ گرنگ ئەوە مرۆڤ خزمەتەکێ پێشکێشی مللەتێ خۆ بکەتن و لدویماهیێ بناڤێ لقێ 9پرسەوسەرەخوشی وهەڤخەمیا خوە ئاراستەیی مالبات وکەس وکارو هونەرمەندێن کوردستانێ کرن.

هەژی یە بێژین کو هونەرمەند ڕەفعەت ڕەجەب ئاکرەیی ل ساڵا 1957ل باژێرێ ئاکرێ ژدایک بوویە وخویندنا سەرەتایی وناوەندی ل ئاکرێ و مویسل تەمام کری یە و ل ساڵا 1978ێ مالا مامۆستایان ل دهۆک بدویاهی ئینایە ول سالا 1972ێ دەست بکارێ هونەری کری یە و ئێک ژ هونەرمەندو دەرهێنەر و سینەماکارێن دیار بێن باژێرێ دهۆکێ وکوردستانێ بوویە وخزمەتەکا دویر ودرێژ یا هونەرێ کوردی کری یە و پشکداری دچەندین شانو و درامایان دا کری یە و کارێ دەرهێنەریێ ژی بۆ چەندین کارێن هونەری کری یە و ل شەڤا 2019/22/4/12ێ دلێ وی یێ مەزن ڕاوەستا و چوو بەردلوڤانیا خودێ.

بەڕپرسی لقی 16: دەڤەری بێستانە هەمیشە لانکەی خەبات و تێکۆشان بووە لەدژی داگیرکەرانی کوردستاندا



کابینەی نۆیەمی حکومەت و لەم چوارچێوەیەشدا گفتوگۆکان گەیشتوونەتە خاڵی کۆتایی و لەداهاتوویەکی نزیکدا حکومەت پێکدەهێندرێت .

دواتر بەڕپرسی لقی 16پێرۆزبایی لقی ئاراستەی ستافی لێژنە ناوچەی ناوبراو کردوو ئومێدی سەرکەوتنی بۆ خواستن و ئاماژەشی بەڕۆڵ و کاریگەری خەڵکی ئەو دەڤەرە کرد کەهەمیشە لانکەی خەبات و تێکۆشان بووە لەدژی داگیرکەرانی کوردستاندا لەقۆناغە سەخت و دژوارەکانی خەباتی ڕزگاری ژمارەیەکی زۆر لەهاونیشتمانیانی سنوورەکە لەدەڤەری بێستانە کۆڕێکی جەماوەری بەڕێوەچوو .

دوای کردنەوەی مەراسیمی لێژنە ناوچەی دەشتی هەولێر کاکەمین نەجارِ ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیمان ئاماژەی بەگرنگترین ڕووداوو پێشهاتە سیاسیەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکە و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان , بەئامادەبوونی کاکەمین نەجارِ ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێر و بلند ئیسماعیل بەڕپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشێک لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و بەڕپرسانی حزبی و حکومی و لەسکری و کوردستانەوە ڕێژەکە بەرز بووەوە و گەیشتە13% لە دوای سووککردنی بەشێک لە قەیرانی دارایی لە ساڵی 2018 ڕێژەکە گەیشتە 10.2%لە کۆتاییهێنان بە قەیرانی دارایی و هەڵگرتنی پاشەکەوتی مووچە و باشترببوونی ئابووریی هەرێمی کوردستان خۆشبەختانە خەریکە بازاڕی کار لە هەرێم بەرەو گەشەسەندن و بەهێزبوون هەنگاو دەنێت و ساڵ بە ساڵ ڕێژەی بێکاری نزمتر دەبێتەوە."

بێکاری، ڕێژەی نەخوێندەواری و ڕێژەی بازاڕی کار. ئێمە بە گرینگییەوە دەڕوانینە ئەم پرسە لە هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانی ستافی دەستەی ئامار بۆ سەرخستن و سەرکەوتنی ئەم بابەتەیە."

علی سندی سەبارەت بە ڕێژەی بێکاری و بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان دەڵێت: "ڕێژەی بێکاری لە ساڵی 2012،2013 لە ئاستێکی نزمدا 6%بوو، لە ساڵی 2016 بەهۆی بارودۆخی ناهەمواری هەرێمی

د. عەلی سندی:

ساڵی 2020 لە هەرێم سەرژمێری دەکرێ



لە ساڵی 2020 سەرژمێری لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەکرێت، ئاستی بازاڕی کاری هەرێم ڕووی لە گەشەسەندن و فراوانبوونە و ڕێژەی بێکاری بەرەو کەمبوونەوە دەچێت.

دکتۆر علی سندی، وەزیری پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "بەپێی پلان و بەرنامەکان، ساڵی 2020 لە عێراق و هەرێمی کوردستان سەرژمێری دەکرێت. وەزارەتی پلاندانان و دەستەی ئامار لە پەیوەندی و گفتوگۆدایە لەگەڵ دەستەی ئامارەی عێراق بۆ ئالوگۆڕی زانیاری و بەڕێوەچوونی ئەو پرسە بە سەرکەوتوویی لە هەرێمی کوردستان."

علی سندی گوتیشی: "سەرژمێرییەکە جگە لە ڕێژەی چڕی دانیشتووان چەند ڕێژەیەکی تریش لەخۆ دەگرێت، وەکو ڕێژەی

لە دهۆک 41 بنکەی بایۆمەتری کراونەتەوە

لە ڕۆژانی ڕابردوو 41 بنکەی کۆمسیۆن بۆ تۆمارکردنی دەنگدەران و بەڕێوەچوونی سیستەمی بایۆمەتریی دەنگدەران لە دهۆک کراونەتەوە. سەگڤان حەسەن، بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئوفیسی دهۆک، ئاشکرای کرد: "ژمارەی بنکەکانی کۆمسیۆن لە سنووری پارێزگای دهۆک زیاد کراون بۆ 41 بنکە، ئەویش لەپێناو ئاسانکاری بۆ هاووڵاتیان و دەنگدەرانی دهۆک تا بتوانن خۆیان لە سیستەمی بایۆمەتریی دەنگداندا تۆمار بکەن و کارتی نوێی دەنگدان بەدەست بێنن." بەرپرسەکەی کۆمسیۆن بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتیشی: "ئێستا لە هەموو قەزا و ناحیە و دەڤەرەکانی پارێزگای دهۆک بنکەی کۆمسیۆن کراوەتەوە و داوا لەو دەنگدەرانە دەکەین کە پێشتر خۆیان تۆمار نەکردووە سەردانی ئەو بنکانە بکەن." سەکڤان حەشەن ڕوونی کردەوە: "لە سنووری پارێزگای دهۆک کۆمسیۆن ئەرکێکی دیکەیشی گرتووتە ئەستۆ، ئەویش نوێکردنەوەی تۆماری ئاوارەکانە و، لەو چوارچێوەیەشدا لەنێو هەموو کەمپەکاندا بنکەی کۆمسیۆن هەیە بۆ نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی ئاوارە و لە دەرەوەی کەمپەکانیش تیمی گەڕۆک هەن تا هەموو دەنگدەرێکی ئاوارە بتوانێت ناوی لە تۆماری کۆمسیۆندا نوێ بکاتەوە."



سەردار شاکر سلێمانەی*

بوچی مفا ژ سندوقێت وەبەرهێنانێ ناهێتە کرن لهەرێما کوردستانێ؟

یا خویایە تێگەهێ سندوقێت وەبەرهێنانێ ل چەرخێ نوزدێ ل کێشوەرێ ئەوروپا بەلاڤبویە و پشتی هینگێ ل وەلاتێ ئەمریکا ل سالا **1920** پەیدابوینە و پاشی ل وەلاتێن دیتر سەرانسەر جیهانێ کو ئەڤ سندوقە گونجای نە بو وەبەرهێنەرێت بچویک ئەوێن دراڤێ وان کێم ههروەسان وەختا کو کومپانیەک رابەتن ب وەبەرهێنانا سەروەت و سامانی پێش مروڤی ڤە هندەک دبێژنێ کومپانێت وەبەرهێنانێ و ئەڤ دراڤێ دناڤ ڤان سندوقا دا دهێتە بکارئینان بو کرینا کاغەزێت دارایی بشێوەیێ روژانە و برێڤەبەریا ڤان سندوقا رێڤەبەرەکێ شەهرەزا د بواریّ کرین و فروتنێ دبورسێ دە رادبتن داکو باوەریی بو وەبەرهێنەری دروست بت کو دراڤێ وی دێ پاراستی بت و سندوقێ بخوە ژی گەلەک شەهرەزا و خودان سەربور تێدا کاردکن دا قازانجەکێ زێدە بدەست بکەڤت. ئەڤ سندوقە ژێێک دهێنە جوداکرن ب سروشتێ کاری و مەترسیێ ئەو ژی لدیف جورێ سەروەت و سامانی و مەترسیا گەشەکرن و قازانجی ژ قەوالەیان یان ههردووو پێکڤە و جوگرافیا ئەو ژی ئایا یا ناڤخویە یان ژ دەرڤە. سندوقێت وەبەرهێنانێ ژی ژ دوو جورێن سەرەکی پێکهاتینە ژ وان ژی: سندوقا وەبەرهێنانێ یا ڤەکری کو ئەڤ سندوقە دکارت وان کاغەزێن دارایی یێن فروتین بکرت ڤە و وەبەرهێنەر دکارت ههروەخت دراڤێ خوە ژێ ڤەکێشت وجورێ دووبێ سندوقێت وەبەرهێنانێ یێت گرتی کوڤێ سندوقێ مافێ کرینا کاغەزێت دارایێ یێت بوری نی نە و لڤێرە پێدڤیە بزانین کو وەبەرهێنەر نەبێ ئازادە دکێشانا دراڤێ خوە دە وڤان ههردووو جوران گەلەک خاسلەت و تایبەتمەندی ههنە ژوانا: وەبەرهێنەر دهێتە ئازاکرن ژ بریارێن کرین و فروتنا کاغەزێت دارایی کو رێڤەبەرێ سندوقێ پێشڤە ڤان بریاران ددت وگەلەک کاغەزێت دارایی یێن کەرتێن جودا جودا دهێنە کرین و فروتن ژلایێ رێڤەبەرێ سندوقێ ڤە ئەڤ سندوقە سیولێ بو وەبەرهێنەرێ دابین دکن ههروەخت وئەو قازانجێ دهێتە بەلاڤکرن جارە ک دی کار پێ دهێتە کرن ئەڤ سندوقە هەمی بەلگەنامە و تومارێن گرنگ پێش وەبەرهێنەری ڤە دهەلگرن. دبت پرسیارەک لدەڤ خواندەڤانی دروست ببت ئەرێ دێ چاوا سندوقەکا وەبەرهێنانێ یا گونجایی ههلبژێرین؟ بو بەرسڤ دانا ڤێ پرسیارێ پێدڤیە ئەم هندەک خالان وەکی دەستپێک دیاربکەین ئەوژی: ئارمانجا خوە ژ سندوقێ دیار بکە ڤەچارچوڤێ مەترسیا تو لسەر رازیی دیار بکە ڤەهلبژارتنا خوە بو سندوقێ بکە ئەوژی ئایە تە مەترسیەکا کێم دڤێت و قازانجەک کێم کوتە سندوقەکا باوەرپێکری دڤێت یان ژی تە دڤێت سندوقەکێ بکاربینی یا کو داهاتی بشێوەیێ بەردەوام بەلاڤ دکت چ سالانە بت یان ههیڤانە ئەڤە ژی دڤێت بهێتە دیارکرن ژلایێ وەبەرهێنەرەی ڤە وزێدەباری ئایا ئەڤ کومپانیا پالپشتیا سندوقێ دکت یا بناڤ و دەنگە یان نە. ئەم دشێن بێژن ئەڤ سندوقە بو مەرەمێت جوراوجور دهێنە بکارئینان ژ وان ژی هەر وەختا حکومەتەکا وەلاتەکێ ڤیا دراڤی بدەست خوەڤە بئێخت بو دروستکرنا پروژەیەکێ مەزن قەستا ڤان سندوقا دکت کو هەڤوەلاتی دراڤێ خوە تێدا دهەلگرن بەرامبەر قازانجەکێ و پاشی حکومەت ددت وان و لزوربەیا زور یا وەلات کار بڤان جورە سندوقان دهێتە کرن ژ بەرگرنگیا وان بو ئابووری ولێ جهێ سەرسورمانێ یە بوچی ههتا نوکە ئەڤ سندوقە نە لعێراقا فیدرال نە ژی لهەرێما کوردستانێ نەهاتینە دروستکرن و مفا ژێ نەهاتیە دیتن چێدبت ئەگەر زور بن لێ ئەگەرێ سەرەکی گەرم نەبونا بازارێت کاغەزێن دارایی و نەبونا وان لهەرێما کوردستانێ یە. لێ هندەک کومپانی لسەر شێوەیێ ڤان سندوقان لهەرێما کوردستانێ پەیداببون بئارمانجا دانا کاری یا دراڤێ هەڤوەلاتی بەرامبەر قازانجەکێ لێ لدوماهیێ ڤان جورە کومپانی و کەسان دراڤێ خەلکێ دبرن و خوە بەرزەدکرن لەوا ژ دەست دانا باوەریێ بڤان جورە کومپانیان رێک خوەشنەکریە ئەڤ سندوقە ژی بکەڤن کاری. بدیتنا من ئەگەر گرنگی بڤان سندوقا بهێتە دان لهەرێما کوردستانێ ئەوکەسێن دراڤ هەیی و چ پلان بەرامبەر ڤی دراڤی نەیی دێ کارت دراڤێ خوە تێدا دتە کاری و ئەڤ سندوقە دێ بنە ئەگەر دراڤ ژ دەستێ هەڤوەلاتیان بکەڤت ناڤ پروژەیان و ناڤ بازارێن دراڤی و دارایی وبڤێ چەندێ دێ گەشەکرنا ئابووری پەیدا بت و ئابووریّ هەرێما مە دێ گەشەکت و ئەم بێژن ژێرخانەیا ئابووری دێ پەیدابت.

*** ماموستایێ زانکویا پولیتە کنیکی دهوک.**

سەدام رووخا.. بەڵام!

کیفاح مەحمود کەریم

ماوەی قۆناغی نێوان 8ی شوباتی سالّی 1963و 9ی نیسانی 2003قۆناغێک بوو چەندەها رووداوی کارەسات ئامێز پر لە جەنگ و پرۆسەی کۆکوژی و بێ سەروشوێن کردنی سەدەها هاووڵاتی کورد و عەرەبی بەخۆوە بینی، خەڵک بە ئایینده‌یەکی گەش فریو دران، کەچی نغرۆی دەریایەک لە خوێن کران.

ملیۆنەها عەرەبیان بە دروشمی بریقەدار تەفرەدا، لە هزریان وێنەی وڵاتێکیان بۆ کێشان هەر لە زەریاوە تا کەنداو ، کەچی بوونە خاوەن سەردەمێکی رەش و شوم کە یەکەمین یەکگرتنی بەعسیان بەر لەوەی بەدی بێت لە گۆڕ نا ، ئەوان کەسانی دروزن و بازرگان و سەوداکار خاوەن سەرێک و هەزار سەودا بوون، بەرۆژ لەگەڵ سۆڤییەت بوون، شەوگاریشیان لەگەڵ ئەمریکا دەکردەوە، بێ وەفاو خاوەن وادەی خۆیان نەبوون، بەڵێنیان بە کورد دا و ناپاکییان لەگەڵ کردن، بە شیوعییەکانیان دا، لەنێویان بردن، بە عەرەبە ئازادخوازو نەتەوەییەکانیان دا، بەڵام لە نێوخۆیاندا تاواندیانەوە، کەوتنە کوشتنی شیرخۆرو منداڵ و ئافرەت و پیاو، بەهەزارەها کەسیان لێ زیندەبەچاڵ کردن، بە زۆرخەڵکیان کۆیلەی ئایدیۆلۆجیا قێزەوەنەکەیان کرد. بەهەقیقەت سەردەمێک بوو هێندە خراپ بوو لە خراپیدا هیچ سەردەمانێکی تر کێبڕکێی لەگەڵ پێ نەدەکرا، تەنیا ئەو دزو گەندەڵ و پیاوکوژانە نەبێت بەدوایانەوە هاتن، کۆمەڵە چەتەیەکی فاشیستی حوکمڕانی ئەو سەردەمە ژاراوا بووەیان کرد، دەروونە نەخۆشەکەیان دووچاری نەخۆشی دیکتاتۆری و سەرکوتکاری و رەگەزپەرستی بوون چۆنیان ئارەزوو کردبوایە هەر وا رەفتاریان دەکرد، تاوێ بە ناوی عوروبەو تاوێکی تر بە ناوی سۆشیالیستی و هەڵمەتی ئیمانییەوە کاریان دەکرد. حزبیان فەرزی سەر قوتابیانی سەرەتایی تا زانکۆکان کرد، هیچ کارێک نە لە قوتابخانەو نە لە زانکۆکان بەبێ هێنانی تەزکیەی حزبی لە رێکخراوە حزبییەکان بەڕێوە نەدەچوو، دامەزراوە سەربازیی و ئەمنییەکانیشیان بۆ میلیشیای سەر بە حزب و سەرکردە گۆڕی، تا کار گەیشتە ئەو ئاستەی سەرتاسەری عێراقیان کردە لقێک لە لقەکانی حزبەکەیان، ژمارەیەکی کەمیان لێ دەرچێ لەوانەی رەتیان کردەوە سەر بەوان بن یا کاریان لەگەڵ بکەن، ئەوانیش بەدەست بێ بەش کردن و چاودێری بەردەوام ژیانیان بەسەر دەبرد.

ئەو عێراقییانەی لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو ژیاون، رووداوەکانی ئەو کاتیان باش لە یادە، بە تایبەتیش ئەو نەخشانەی بۆ پەکخستنی یەکەم پرۆسەی پێکهێنانی عێراقێکی سەردەمیانە کێشران، بەعسیەکان لەیەکەم ساتەکانی کودەتاکەیان بەسەر عەبد لکەریم قاسم دا پەردە لەسەر ئامانج و بیرۆکە خوێناوییەکانیان رامالڕا، لە ماوەی تەنها یەک مانگدا جەستەی هەزارەها عێراقی لە نەتەوەو مەزهەب و ئایین و مەزهەب و ڕەگەزی جیاواز، ئەوانەی نەیاری بەعس بوون لە شەقامەکانی بەغد بە کۆژراوی فڕێدران، حاڵی کوردستان و شاری موسلیش لە بەغدا باشتر نەبوو، ئەوانیش لەژێر دروشمەکانی بەعس و بیرۆکە داخراوەکەیان ڕووبەڕووی کوشتن و بێ سەروشوێن کردن بوونەوە. تا ئێستا سەدای هاواری دایک و باوکم لە گوێچکە دەزرنگێتەوە کە لە کاتی خوێندنەوەی یەکەم بەیاننامەی (بووکی شۆڕشەکان) گوتی: مالّی عێراق وێران بوو. دەنگی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلی بەمین چێنراو لە موسل پێش هاتنی داعش ئەمڕۆ دوێنێی تێکەڵ بەیەک کردووە، هاوارێ (الله اکبر) لەکاتی سەربڕینی مرۆڤەکان لە چوارڕێیانی یەرموک لە سالّی2006 هەمان دەنگی فیدائییەکانی سەدامان بیر دێنێتەوە لەکاتی سەربڕینی دەیەها ئافرەت لە دۆستانیان بە تۆمەتی لەشفرۆشی، هەر ئەو هەمان ئەم جۆرە هاوارانە لە بەرەبەیانی 17ی تەموزی سالّی 1968ز دووبارە بۆوە کاتێ رادیۆی بەغدا بەیاننامەی سەر لەنوێ گەڕانەوەیانی بۆ جاری دووەم پەخش کرد، کە بووە سەرەتای دروستکردنی گۆڕاوی خوێن رشتنێکی بێ کۆتا ، بە ملیۆنەها هاووڵاتی عێراقی ئەوانەی لەرووی بیرکردنەوە لەگەڵیان جیاواز بوون رایان کردە دەرەوەی وڵات، ئەوانەی دەستبەردەری خاکەکەشیان نەبوون لە پێش هەموویانەوە نەتەوەی کورد لە پێناو پارێزگاری کردن لە خاکەکەی، سەرەڕای ئەو هەڵمەتە چڕەی کە ئەو شۆرشە فاشیستە بۆ تەعریب کردنی خاکی کوردستان دەستی پێکردبوو، سەدەها هەزار شەهید و بێ سەروشوێنیان دا.

ئەگەرچی کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی زۆربەی خەڵکی هیواخوازی رووخانی رژێم بوون هەتا ئەگەر بەدەستی شەیتانیشەوە بێت، بەڵام لە توانایاندا نەبوو رژێمکی ئالّۆز لە رووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەمنییەوە، رژێمێکی پێکهاتوو لە مفەوەزی ئەمن و موعەتەمەد و ریفاقە بەعسییەکان کە بە ڕاپۆرتەکانیان خەڵکیان تۆقاندبوو، تەنانەت ئامادەبوون باوک و ناسیاو هاوڕێکانیشیان بکەنە قوربانی رژێم و سەرۆکەکەی، بڕوخێنن. تاکە رێگای بڕوخێنن. تاکە رێگای بەردەمیان تەنیا پشتبەستن بوو بە یارمەتی وڵاتە گەورەکان یا هاوپەیمانییەکی جیهانی کار لەپێناو ڕووخاندنی رژێمی ئەنفال و هەڵەبجەو گۆڕی بە کۆمەڵ بکات. ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیشی هەستیان بەوە کرد لە توانای عێراقییەکاندا نییە رژێمی سەدامی دیکتاتۆر بڕوخێنن، بە لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆیان لەناوچەکە، لەگەڵ دەستپێکی دوور کەوتنەوەی تورکەکان لە ئاسۆی ئەوان و پەیدابوونی دێوەزمەی ئێران لەسەر پاشخانی ئایدیۆلۆجیای ئایینی، دەستیان بە هەڵمەتێکی سەربازی جیهانی بۆ ڕووخاندنی سەدام و خاپوورکردنی هەیکەلە ئیداری و سەربازییەکەی کرد. ئەگەرچی لە ڕووخاندنەکەی سەرکەوتن بەڵام نەیانتوانی ئەو کەلتوورە ژەنگ گرتووەی لە هزری زۆربەی ئەوانەی هەر لە سەردەمی حەجاج تا بە ئەمڕۆ دەگات حوکمڕانی ئەو وڵاتەیان کردووە، ریشەکێش بکەن. بەڵێ سەدام ڕووخا و حزبەکەشی لەبەر یەک هەڵوەشێنرایەوەو زۆربەی کادیرە پێشکەوتووەکانیشی کوژران، بەڵام ئایا بە کردەنی لەسەر ئەرزدا کۆتایی بە قۆناغی سەدام و بەعس هاتووە؟ لەکاتێکدا زۆربەی هەڵپەرستەکان چەپلە بۆ هەر کەسێک لێدەدەن پۆستێکی گرنگی لە دەوڵەت هەبێت، ئەی دەبێ چی بۆ ئەوانە بکەن کە خۆیان لەسەر زەوی بە جێگرەوەی خواو پێغەمبەرەکانی دەزانن!؟

بە هەقیقەت عێراق هەم بە هاتنیان هەم بە چوونیان وێران بوو!

و: خالید گەردی

ئاو وەک ئەڵتەرناتیڤی نەوت



مارف سڕێشمەیی

ئاو یەکێکە لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانە بۆیە پێویستە بە چەندین ڕێگای جیاواز سودی لێ وەربگرین، ئەگەر سەیر بکەین دەبینین زیاتر لە **70%**ی گۆی زەوی ئاوە، بەڵام ئاوی شیاو بۆخواردنەوە تەنیا **2.5%** جگە لەمەش زیادبوونی دانیشتوانی گۆی زەوی، بەرزبونەوەی پلەکانی گەرما و زۆربوونی پێداویستییەکانی مرۆڤ وایان کردووە خواستی زیاتر لەسەر ئاو بێت.

بەپێی ستانداردی جیهانی هەرتاکێک ڕۆژانە **200** لیتری ئاوی پێویستە، بەڵام لە کوردستان هەر تاکێک دوو هێندە ئاو بەکاردەهێنێت. ئەمەش بۆچەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە وەک سروشتی خەڵک بەوەی ڕاهاتوون زیاد لە پێویستی خۆیان ئاو بەکاربێنن، لەلایەکی تر ئاسان بەدەستکەوتنی ئاو.

هەروەها ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ئاو ڕاپۆرتیکان بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا هاتووە **780**ملیۆن کەس لە جیهاندا ئاوی پاکیان بۆ خواردنەوە دەست ناکەوێت. هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان **22**ی ئاداری هەموو ساڵێکی وەک ڕۆژی جیهانی ئاو دەستنیشانکردووە.

ئەگەر بێت و بەکارهێنانی ئاو لە کوردستان بەراورد بکەین بە ڕێنماییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبینین لە چەند لایەنەکەوە دژیەکی هەیە لە چۆنیەتی بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لێی، وەک نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ شێوازی بەکار هێنانی ئاو، جگە لەمەش هەرزانی نرخ و نەبوونی پێوەر هۆکارن بۆ بەفیڕۆدانی ئاو.

نەبوونی ڕێنمایی و بەدواداچوونی حکومەت بۆ چۆنیەتی خەرجکردنی ئاو لە لایەن هاووڵاتیان وای کردووە خەڵکی بە بە شێوازی هەڕەمەکی و خراپ ئاو بەکاربهێنن. ڕۆژانە دیاردەی زیاد خەرجکردنی ئاو لە چەند لایەنێکەوە دەبینین، وەک شۆشتنی ئوتۆمبێل و ڕێگاوبان یان شۆشتنی بەردەم ماڵ هەروەها نەبوونی تەوافە لەتانکی ماڵان کە زۆر جار تانکیەکان بۆماوەیەکی زور ئاویان لی دەرژێت.

بێجگە لەخەرجکردنی ئاویکی زۆر لە باخچەی ماڵان. کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی ئاو. بۆیە لە سەر حکومەت پێویستە پێوەری ئاو دابنێت.

دیارە هەرێمی کوردستان لەرووی ئاوی سەرزەوی دەوڵەمەندە، بڕی ئاوی سەر کوردستان دەڕژێتە ڕووباری دیجلە و فورات.

یەکێک لەو ڕەخنانەی کە ڕوبەڕوی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە دروستنەکردنی بەنداوە. بۆیە بە دروستکردنی چەندین بەندەاوی بچووک و گەورە دەتوانین سوود لەو ئاوە وەربگرین، بۆ وەبەرهینانی کارەبا و کشتوکاڵ و ڕاوە ماسی. ئەمەش داهات بۆ هەرێمی کوردستان دابین دەکات و دەتوانین تەزووی کارەبا دابین بکەین بو وڵاتانی ڕوبەڕوومی بیانی کە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت دوور بکەوینەوە خەڵکی کوردستان تووشی چەندین نەخوشی بووە بە هۆکاری هاوردەکردنی بەرووبومی بیانی بۆ ناو هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەو بەروبومە ساختانە کە هاورە دەکرێت.

جگە لەمەش دەتوانین هەلی کار دابین بکەین، لەرووی ڕاوە ماسیش دەتوانێت پێداویستی ناوخۆی کوردستان پڕبکاتەوە بۆ وڵاتانی بیانی هەنارە بکەین. جگە لەمەش دراوسێش بنێرین.

جگە لەوەش لە ڕووی کشتوکاڵ پشت بە بەرووبومی ناوخۆ ببەستین، بۆ وڵاتانی دراوسێ هەنارە بکەین، خەڵکێکی زور ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکات بەمەبەستی گەشتکردن ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی زیادبوونی داهات.



وا دەکات هەرێمی کوردستان چیتر بەتەنها پشت بە هەناردەی نەوت نەبەستێت هەروەک وڵاتی تورکیا لەبەرنامەی دا هەیە چەندین بەنداو دروستبکات ئێستا پرۆژەیەک دروستەدکات کە پرۆژەی (گاپ) ناسراوە لەتەواوبوون دایە بۆ گلدانەوەی ئاو کە لەچەندین بەنداو چەندین وێستگەی بەرهەم هینانی کارەبا و سیستەمی ئاودێری و پرۆژەی تر پێک هاتون.

چونکە لە دوارۆژ دا بەگوێرەی شارەزایان دەڵێن تورکیا ئاو بە نەوت دەفرۆشێت بێگومان ئەم پرۆژەیە دەبێتە هۆی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی تورکیا لەسەر حیسابی ناوچەکە و دروست کردنی مەترسی ئاسایشی نەتەوەی بۆ گەلی کورد لە داهاتوو دا.ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە ئێرانیش بەندەاوی (گاران) دروست دەکات لەشاری مەریوان لە سەر زێی بچوک ئەمەش دەبێتە هۆی کەم بونەوەی ئاوی بەندەاوی دەربەندیخان بێگومان هەریەک لە وڵاتانی تورکیاو ئێران شەری ئاویان دەمێکە دەستپێکردووە لە داهاتوودا دەبێتە مەترسی ئاسایشی نەتەوەی بۆ کورد، بۆیە کورد وەک چۆن لە رابردوو بوە قوربانی نەوت با ڕێگە نەدەین لە ئایندە ببێتە قوربانی ئاو.


رۆژی ژینگەی کوردستان

پێویستمان بە هۆشیارییەکی باڵا هەیە، تا ئەوەی شوێنە گشتییەکان و رووبەرە گشتییەکان بەهی هەموان بزانین و هەموومان بیپارێزین



سەربەست سالح

پرسی پاک ڕاگرتنی ژینگە و و هۆشیاری ژینگەپارێزی، پرسێکی جیهانییە، تۆ بڵێ (خەمێکی جیهانیە)، تێکچوون و ژاکانی ژینگە و بەردەوام پیسبوونی ژینگە، بە تەواوی پێکهاتەکانیەوە، لە وشکانی و ئاو هەوا بۆتە خەمێکی گەورە، خەمی مرۆڤایەتی، ئەمرۆ دەوڵەتانی پێشکەوتوو جۆرەها ڕێگا و میکانیزم دەگرنەبەر بۆ پاک ڕاگرتنی ژینگە و پەرپێدان بە کولتوری ژینگە پارێزیی.



ڕاگەیاندنی هەڵمەتی هەفتەی هۆشیاری ژینگەپارێزی کوردستان، گرنگیپێدان و بایەخی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەشێک لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەم پرسە جێگای قسە و باس و گفتوگۆ وپشتیوانیکردنە، کاتێک ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشداری ڕاگەیانی هەڵمەتەکە بوو، بۆخۆی هەر بەشداربوونەکەی نیشانەی جدیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لەوتارەکەیدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووی لە کۆمەڵگای کوردی و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، لەوەی پاراستنی ژینگەی کوردستان و پەرەپێدان بە هۆشیاری ژینگەی پێویستی بە هەموومان هەیە، لەلایەک ئەرکێکی بەکۆمەڵی خەڵکە، هەرکەس ولە شوێنی خۆی و لەدەوروبەری ژینگە پاک ڕابگرێت، وە بەشێکیشی لە ئەستۆی حکومەت و دامەزراوە مەدەنیەکانە، بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە تا دەگاتە کەنالەکانی ڕاگەیاندن، سەرۆکی حکومەت تیشکی خستە سەر گرنگی و بایەخی پەروەردە لە هۆشیاری ژینگەی و پەروەردەی نەوەیەکی نوێ لە هەستکردن بە گرنگی ژینگە و پاراستنی.

لێرەوە گرنگە تەواوی هاوواڵاتیانی کوردستان، بەسەرجەم چینوتوێژە جیاوازەکانەوە، لە تەواوی ناوچە و گوند و شار و شارۆچکەکانەوە بە ئەرکی ئەخلاقی خۆمان هەستین لە پاراستنی ژینگەی جوانی کوردستان، وە هەوڵبدەین ژینگەی کوردستان سەوزتر بکەین، ئەرکی ڕۆشنبیران و کەنالەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە مەدەنیەکانە هاوکارین لەسەرخستنی هەڵمەتی هۆشیاریی ژینگە پارێزی کوردستان دا، پێویستە ئەم پرسە گرنگی و بایەخی زیاتری پێبدرێت، تۆ بڵێ: (گورزێک لە ڕووناکی بخرێتە سەر و تەواوی هاوواڵاتیان لە مەترسییەکانی تێکچوونی ژینگە هۆشیار بکرێنەوە). بەشێک لە شارەزایان و چاودێرانی ژینگە و خەمخۆرانی، هۆکارێکی سەرەکی لە پیس بوونی ژینگەی کوردستان، دەگێڕنەوە بۆ کەمی هۆشیاری خەڵک بەرامبەر گرنگی و بایەخی ژینگەوە مامەڵەی نادروستی بەشێکی هاوواڵاتیان لە لەگەڵ ژینگەی کوردستان، بەتایبەت لە نەپاراستن و ڕێزنەگرتنی شوێنە گشتییەکان، یان دروستر ئەوەی شوێنە گشتیەکان بەهی خۆمان نەزانین و ڕێز لەو ڕووبەرە گشتییانە نەگرین، لێرەوە بایەخی هەڵمەتێکی هۆشیاری ژینگەپارێزی باشتر درک دەکەین، لەوەی پێویستە ئاستی هۆشیاری هاوواڵاتیان بەگشتی بەرز بکرێتەوە، لە مەترسیەکانی تێکچوونی ژینگە و دەرهاویشتە خراپەکانی تێکچوون و ژاکانی ژینگە.

ژینگەی جوان و قەشەنگی کوردستان دەهێنێت هەموومان بیپارێزین، وەک ئەوەی ئەو ئامێزێکی شایستەیە و هەموومان دەپارێزێت، بە کۆمەڵ بەرگریی لێبکەین، سەبارەت بە شوێنە گشتییەکانیش، پێویستمان بە هۆشیاریەکی باڵا هەیە، تائەوەی شوێنە گشتییەکان و ڕووبەری گشتی بە هی هەموان بزانین و هەموومان بیپارێزین.



خالد ئەحمەد بادی

شورەش و ڕژێم و دانانا هێلا سۆر

گرنگە ئەم دیروکا خو بنقێسین و تومار بکەین وبو بەرەباب ونفشێن کوردان بێن داهاتی قەتڕین وبێژین چونکە چ مللەت ناهێن دیروکا مە بنقێسن وئەگەر بنقێسن ژی بێ گومان دێ دیروکا کوردان دبەرژەوەندا خو دا نقێسن وەکو کری ژی کو چەندین داهێنەر ورەشەنبیر و سەرکردە وزانا وشارەزا وهوزانڤان و هونەر مەند ونقێسەرێن کورد کرینە عەرەب وعەجەم وترک. لدەمێ شورەشا گولانێ ڕەوشا کوردستانیان یا خراب بوو ژئالیێ ژیارێ قە چونکە چ ڕێکێن گەهاندنا کەل وپەل وکەرەستان نەبون کو بگەهنە دەقەرێن ئازاد کری لناڤ شورەشێ وهەر روژەکێ دوژمنی پێرابونەکا نوی بەرامبەر مللەتێ کورد ئەنجام ددا و مەرەما سەرەکی یا دوژمنی ئەو بو کونترولێ لسەر شورەشێ بکەن وبتایبەت کونترولێ لسەر دەقەرێن ئازاد کری بکەت کو بکێشنە دبن چەنگێ خو قە و هەمی ڕێک بکارئینان نە شیان. ئەو بو بریارا دانانا هێلا سور لناڤبەرا دەقەرێن ئازادکری ودەقەرێن کو ڕژێمێ کونترول لسەر دکر ئەو ژی پتریا وان جهێن دبن کونترولا دوژمنی قە ناڤەندێن باژێر وباژێروکان وجادێن سەرەکی بون.لدەمێ دوژمنی ئەڤ بریارە دەرکری کو هێلا سۆر بدانن لناڤبەرا خو ودەقەرێن ژ دەرقەیی کونترولا واناں باشترین بریارا دوژمنی بو ودبەرژەوەندا مللەتێ کورد وکوردستانیان دا بو ژئالیێ مەعنەوی قە کو بو یەکەم جار دوژمنی دانپێدان کرن کو هندەک دەقەر ییێن هەین ونە لبن کونترولا واناں دانە وب دانا بریارا دانانا هێلا سۆر راستەوخو وپێشچاڤ دانپێدانەکا فەرمی بو کو ئەڤ دەقەرە هەمی نە لبن کونترولامە دانە لێ ژئالیێ ژیاری وژێک جودابونێ ودەرباز کرنا کەل وپەل وپێتڤێین روژانە بو ناڤ دەقەرێن ئازاد کری وژبو هێزێن پێشمەرگێ قەهرەمان زور یا نە باش بو چونکە ب راستی ئێکسەر هەمی ڕێکێن سەرەکی هاتنە گرتن ب تەمامی وئاخ ودەنگە کرنە دجادا دا وپاشان هەمی خالیێن گومان لسەر هەیی بو گەهاندنا کەل وپەلان وژبو هاتن وچونا وەلاتییێن سڤێل وبێ گونەھ هاتنە گرتن وخالیێن جاش وکرێگرتی ولەشکەری دانان وهەروەسا ڕێک ل هەمی جوتیار وکرێکاران ژی گرتن ونە دهێلا بچنە دناڤ ڕەز وباغ وزەڤێین خو دا وب هزارەها دونەمێن ئەردێ جوتیاران هاتە هشک کرن وب هزاران دارێن بەرهەم هێنەر وب بەر هاتنە هشک کرن وژناڤ چون . هەر دیسا دکریارەکا دی دا کو نفشێ نوکە باوەر ناکەت رزێمێ ل دەمژمێر (4) ئیڤاری ڕێکا سەرەکی دگرت ونە دهێلا چ ترومبێل بهێن یان بچن پشتی دەمژمێر (4) کی بایە هەتا نەخوش وکەسەکێ هەژار ونەچار ژی با هەر نەدهێلان بهییێن یان بچن دەرڤە ی سەنتەرێ باژێری وئەڤ کارێن دویر ژ مروڤایەتی ودویر ژ هەمی ئایینان بەرامبەر مللەتێ کورد دهاتنە ئەنجام دان لێ هەر نەشیان کونترولێ لسەر دەقەرێن ئازاد کری بکەن وپێشمەرگێ قەهرەمان وکوردستانی وبەرگری مللی روژ بو روژێ ب هێز تر دکەفتن وبەرف پێش دچون وتا ئەڤ روژا ئەڤروکە بو ئینایە پێش ولەوما دبێژم زور فەرە ئەم دیروکا خو بنقێسین وتومار بکەین دا کو نفشێ نوکە بزانن کو ئەڤ ئازادی و بەرهەمە ب ئاسانی نە هاتیە.

کورد لە باکوور باجی سیاسەتی هەڵەی پەکەکە دەدات



سوورە مەرگەیی

کارەسات لەوەدایە ئاکپارتی و ئەردۆغان لە دوو گەورە شاری تورکنشینی وەک ئەنقەرەی پایتەختی سیاسی و ئەستەنبوڵی پایتەختی ئابووری تورکیا هەڵبژاردن بدۆڕێنێ و لە کوردستان بیباتەوە و کارەساتێکی وەها پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردن و بەخۆداچوونەوە هەیە و بە تایبەتیش پەکەکە کە خۆی بە ڕابەر و پێشەوای کوردان لە باکوور دەزانێ بە سیاسەتی هەڵەی خۆیدا بچێتەوە و لە خۆی بپرسێ: ئاکپارتی و ئەردۆغان بە کوشتنی کوردانی باکوور دڵیان داناسەکنێ و پەلاماری کوردانی ڕۆژئاواش دەدەن.

بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ کارزان جبار محمود
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/٤ لە داوای ژمارە ٧/ج٢٠١٧/٤ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەرۆژی ٢٠١٧/١٠/١٦ دادگا بریاریدا بە سزای زیندانی کردنت بۆ ماوەی (١٥) پازدە ساڵ بەپێی ماددەی ٤٠٥ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەرۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ٢٤٣ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانتان لاعتراض و پێداچوونەوەتان هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
سەرۆك/ تحسین طه رسول
***
دادگای تاوانی هەولێر/٤
ژمارە: ١٠/ج٢٠١٩/٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/١١
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ رحمان رسول زادە و رشید کاك الله فتح الله
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی ئێوە تۆمەتبارن بەپێی ماددەی ٤٠٦ بە دەلالەی مادەکانی (٤٧ و ٤٨ و ٤٩) لەیاسای سزا و سەلماندنی هەلاتنتان وە نادیاری جێگاکەتان لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی چوار لە هەولێر لەرۆژی ٢٠١٩/٧/١٥ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ تحسین طه رسول
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ٢٥٢/ج٢٠١٨/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٠
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: محمد علی علی
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ٢٥٢/ج٢٠١٨/٣ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی رۆژی ٢٠١٩/٣/٢٥ بریاری دەرکرد بە سزادانت بەبەندکردنت بۆ ماوەی ٦ شەش ساڵ بەپێی ماددە ٢٨٩ لە یاسای سزایی، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین کە خۆت رادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەربوونی شەش مانگ بەسەر رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بریاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە بریاری ئامادە حکم الوجاهی پاڵپشت بە ماددەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن اصول محاکمات الجزائیە).
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ١٧/ج٢٠١٨/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٣
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: محمد حسین احمد
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ١٧/ج٢٠١٨/٣ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی رۆژی ٢٠١٩/٣/٣ بریاری دەرکرد بە سزادانت بەبەندکردنت بۆ ماوەی یەك ساڵ بەپێی ماددە ١/٢٤ لە یاسای هاتووچۆ، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین کە خۆت رادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەربوونی شەش مانگ بەسەر رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بریاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە بریاری ئامادە حکم الوجاهی پاڵپشت بە ماددەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن اصول محاکمات الجزائیە).
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ١٢٩/ج٢٠١٨/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٠
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: دەشتی جبار عبدالله
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ١٢٩/ج٢٠١٨/٣ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی رۆژی ٢٠١٩/٣/٧ بریاری دەرکرد بە سزادانت بەبەندکردنت بۆ ماوەی ١٠ دە ساڵ بەپێی ماددە ٤٠٥ لە یاسای سزایی، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین کە خۆت رادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەربوونی شەش مانگ بەسەر رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بریاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە بریاری ئامادە حکم الوجاهی پاڵپشت بە ماددەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن اصول محاکمات الجزائیە).
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ٣٣٥/ج٢٠١٦/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: جهور صالح سلو
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ٣٣٥/ج٢٠١٦/٣ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی رۆژی ٢٠١٨/١٢/٢٤ بریاری دەرکرد بە سزادانت بەبەندکردنت بۆ ماوەی یەك ساڵ بەپێی ماددە ٢٩٢ لە یاسای سزایی، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین کە خۆت رادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەربوونی شەش مانگ بەسەر رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بریاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە بریاری ئامادە حکم الوجاهی پاڵپشت بە ماددەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن اصول محاکمات الجزائیە).
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ٩٥/ج٢٠١٧/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: بیریڤان صدیق اومر
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە داوای ژمارە ٩٥/ج٢٠١٧/٣ وە پاش دادگایی کردنی پاشملە غیابی رۆژی ٢٠١٨/١٢/٢٤ بریاری دەرکرد بە سزادانت بەبەندکردنت بۆ ماوەی پێنج ساڵ و یەك مانگ بەپێی ماددە ٤١٢ لە یاسای سزایی، بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین کە خۆت رادەستی ئەم دادگایە یان هەر بنکەیەکی پۆلیس بکە دوای تێپەربوونی شەش مانگ بەسەر رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بێ ئەوەی نارازی بی، بە پێچەوانەوە بریاری تۆمەتبارکردنت و سزادانت دەبێتە بریاری ئامادە حکم الوجاهی پاڵپشت بە ماددەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسای بنەماکانی دادگایکردن اصول محاکمات الجزائیە).
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە/ ٥/ج٢٠١٩/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٠
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (عوسمان بیکی علی)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددە ٢٨٩ لەیاسای سزایی وە سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جیگاکەت لەکاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا و پالپشت بەماددەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێی راگەیاندنت لە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لەرۆژی ٢٠١٩/٦/٣٠ وە بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا.
دادوەر/ زرار محمود مرادخان
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٩٣٢/ك٢٠١٨/١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ احمد یونس بهجت
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٩٣٢/ك٢٠١٨/١ لە ٢٠١٨/٢/٤ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٩/نۆ مانگ) بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی (اشعاری موختاری گەرەکی/ رۆشنبیری) بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوەخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣/مانگ لەرۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٩١٢/ك٢٠١٨/١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ سیاکۆ ابراهیم عزت
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٩١٢/ك٢٠١٨/١ لە ٢٠١٨/١٢/٢٦ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٣/سێ مانگ) بەپێی ماددەی (٢٣٨) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی (اشعاری موختاری گەرەکی/٧ی حەسارۆك) بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوەخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣/مانگ لەرۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین



تورکیا و ئەمەریکا....

مەسەلەکە وا ئاسان نییە !

عەبدلوەهاب بەدرخان



پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا گەیشتوونەتە خاڵێکی یەکلاکەرەوە، بەڵکو خاڵێک کە هەردوولا لە توانایاندا نەماوە لێی بکشێنەوە. مەسەلەکەش نە لە ڕووی دەرەوە و نە لە ناوەڕۆکیش وا ئاسان نییە، واتە ئەو تەنیا پەیوەست نییە بە ناکۆکیەک سەبارەت بە بۆندێکی کڕینی چەک، بەڵکو هەردوولا (بە تایبەتی تورکیا) دەخاتە بەردەم بژاردەیەکی ستراتیژیی مەترسیدار. واشنتۆن ئەنقەرەی ئاگادار کردەوە لەوەی دەستەبەرکردنی مووشەکی ئێس 400ی ڕووسی تەنیا لە خاوەندارێتی فڕۆکەی جۆری ئێف 35ی ئەمەریکی بێبەشی ناکات، بەڵکو ڕووبەڕووی سزای سەربازی و دارایی دەکاتەوە، چونکە وەرچەرخانی بەرەو ڕووسیا دەبێتە هۆی گۆڕینی ئاراستەی هاوپەیمانی درێژخایەنی ستراتیژیی لەگەڵ ڕۆژئاوا.

لە کاتێکدا ئەگەر ئەمەریکا دەست بە سەپاندنی ئەم سزایانە بکات، دوور نیە ناسەقامگیریەکی کەمووێنە لە ئابووری تورکیا ڕوو بدات، ئەمەش لە کاتێکدایە کە هۆکاری دوایین شکستی هەڵبژاردنە خۆجێییەکانی ئەم دواییە کە بەسەر پارتی دەسەڵاتدارا هاتن بۆ پاشەکشەی باری ئابووری دەگەڕێتەوە، دواتر ئەمە بە ناسەقامگیریی سیاسیەوە گرێ درا، ئینجا چ بەهۆی پێشهاتە هەرێمیەکان بێ یان پەیوەندیە چەقخواردووەکانی نێوان تورکیا و ئەمەریکا لەلایەک و تورکیا و یەکێتی ئەورووپا لە لایەکی دیکە.

هەڵبژاردن لە نێوان ئەمەریکا و ڕووسیا، لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، وردە وردە بەو ئاراستەیە دایە کە تورکیا بەخاتە بەردەم بژاردەی بەردەوامبوون لە ئەندامێتی ناتۆ و ئەگەری دەرکردنی لەو ڕێکخراوە، بەو پێیەی بوونی دوو چەکی دژ بەیەک لە دەوڵەتێکی ئەتلەسی مایەی قبوڵکردن نیە. ئەنقەرە دوودڵی نەکرد، هەروەها داوای کاتیشی نەکرد بۆ ئەوەی بۆ دوایین جار بەخۆیدا بچێتەوە، بەڵکو ڕایگەیاند کە لە ڕووی کردەییەوە کۆتایی بە سەرجەم ئەو ڕێوشوێنانە هێناوە کە پەیوەندیان بە گرێبەستی ئێس 400ەوە هەیە، بۆیە ئەو هاوبەشە ئەتلەسیەکان دەخاتە بەرامبەر ئەمری واقیع.

تورکیا بێگومان ئاگای لە کاردانەوەکانی چوونەدەرەوە لە ناتۆیە، بۆیە ناخوازێ ئەو هاوپەیمانیە بەجێ بێڵێ، چونکە هیچ بەرژەوەندیەکی لەمەدا نیە، بەڵام لەژێر ناونیشانی (سەربەخۆبوون) لە سیاسەتی دەرەکی، گرەو لەسەر هێنانەدی شێوازێکی نوێ و دوولایەنەی پەیوەندی لەگەڵ هاوپەیمانانی دەکات، ئەمە وێڕای هەوڵدان بۆ هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی چەک کڕین، ئینجا ئەگەر ڕووسیاش بێ.

شەش ساڵ لەمەوبەر، ئەنقەرە ویستی سیستەمێکی موشەکی چینی بکڕێ، بەڵام هەڵوێستی ناتۆ یەکگرتوو و توند بوو، بۆیە تورکیا هەر زوو لاپەڕەکەی هەڵدایەوە و ڕایگەیاند کە بارودۆخەکان ڕێگە بە سەرکێشی نادەن. بەڵام ئەو گۆڕانکاریانەی لە ساڵی 2014ەوە تا ئێستا ڕووبانداوە (بڵابوونەوەی ڕێکخراوی داعش و زەروورەتی ڕووبەڕووبوونەوەی لە ڕێگەی پێکهێنانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی) دواتر ساڵی 2015 (دەستوەردانی ڕووسیا لە کاروباری سووریا و سەرهەڵدانی ڕووبەڕووبوونەوە لە دوای خستنەخوارەوەی فڕۆکەیەکی سیخۆی ڕووسی لەلایەن تورکیا) ئینجا ساڵی 2016) هەوڵی کودەتاکردن لە دژی دەسەڵاتی ئەردۆگان و ئەو ئاستی دەستبەردارنەبوون لە کورد، بەڵکو پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولا پتەوتر بوون.

زۆربەی چاودێران پێیان وابوو کە مەسەلەی کورد ناوەڕۆکی هەڵوێستی تورکیایە نەوەک وردەکاریەکان (چەکدارکردن و ڕاهێنان و بایەخ نەدان بەوەی ئاخۆی پارتی کرێکاران تەنانەت لەلایەن ئەمەریکاشەوە وەک پارتێکی تیرۆرستی پۆلێن کراوە) بەڵکو بە ئامانجە ئایندەییەکان کە ئەمەریکییەکان ئامادە نەبوون ڕوونی بکەنەوە یان زەمانەتی نووسراو و زارەکی لەبارەوە پێشکەش بکەن. لە بەرامبەردا تورکیا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئەمەریکا وەک هاوپەیمانێک مامەڵەی لەگەڵ ناکات، بەڵکو لەگەڵ (ڕێکخراوێکی تیرۆرستی) یەکسانی دەکات و گوێش نادات بەو مەترسیەی کە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دروست دەبێ. لە بەرامبەردا ڕووسیا دانی بەوە دانا کە تورکیا لە سوریا خاوەنی بەرژەوەندیە، ئەو بابەتەی کە هەرگیز لە ناتۆ و واشنتۆن گوێبیستی نەبووە.

ڕاستە تەنگژەی سووریا تورکیای گەیاندە ئەو ئاستەی کە لەوانەیە ببێتە مایەی کۆتاییهێنان بە پەیوندیەکی تایبەتی 62 ساڵی لەگەڵ ڕۆژئاوا، بەڵام دەستوەردانی ئیدارەی ئەردۆگان لەم تەنگژەیە، کێشەی زیاتری بۆ تورکیا خولقاند. ڕێکەوت نەبوو کە ساڵی 2014 بەرفراوانترین گفتوگۆ (لەناوەوە و دەرەوەی تورکیا) سەبارەت بە مانەوەی تورکیا لە ناتۆ بەخۆیەوە ببینێ، ئەو مشتومڕەی بەم دواییانە دوای هاوکێشە تازەکەی ئەردۆگان گەرموگوڕتر بوو، هاوکێشەی مانەوە لە ناتۆ و خۆڕپچەککردن لە ڕۆژئاوا و ڕووسیا لە یەک کاتدا.

وە: ل. کاروباری نێودەوڵەتی

سەرچاوە: ڕۆژنامەی ئیتیحادی ئیماراتی.

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 749:
دەوڵەتی ئەمەوی دارما .



ساڵی 1895:
ڕووسیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا داوایان لە ژاپۆن کرد نیمچەدوورگەی لیاودۆنگ بۆ چین بگێڕێتەوە .



ساڵی 1904:
ئەمەریکا بووە خاوەنی مۆڵکداری کۆمپانیای کەنااڵی پەنەما لە فەرەنسا.



ساڵی 1920:
لە تورکیا لەدایکبوونی یەکەم پەرلەمان ڕاگەیەنرا .



ساڵی 2003:
بەهۆی باڵاوبوونەوەی پەتای سارس ، دەسەاڵتدارانی چین سەرجەم قوتابخانە و زانکۆکانیان بۆ ماوەی 2 هەفتە داخست .



ساڵی 2018:
لە شاری تۆرینتۆی کەنەدا ، لە ئەنجامی شێاڵنی ژمارەیەک خەڵک لەلایەن ئۆتۆمبیلێکەوە 10 کەس کوژران و 14ی دیکە بریندار بوون .



ئایا گڕی بەهاری عەرەبی دامرکایەوە یا وەرزی دووەم بەڕێوەیە؟

لە یادی هەشت ساڵەی سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و ئاکام و دەرەنجامەکانی، ڕۆژنامە عەرەبییەکان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوونیان پێوە دیارە.

خالید گەردی

ئەگەر چی هێندێ لە چاودێران ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی عێراق لە دژی ڕژێمی بەعس لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو بە دەستپێکی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لە قەڵەم دەدەن، بەڵام زۆرینەش سەرەتاکەی بۆ ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی وڵاتی تونس دەگەڕێننەوە، کە دواتر بە بەهاری عەرەبی یا شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی ناوزەد کرا، ئەمەش دوای ئەوە هات کە هاوڵاتییەکی تونسی بەناوی (محەمەد ئەلبو عزیزی) لەبەر بێکاری و خراپی ڕەوشی گوزەرانی بێ هیوابوونی لە پەیداکردنی بژێو بۆ خانەوادەکەی، هەروەها ڕەوشی خراپی سیاسی ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، ڕووداوەکە هێندە کاریگەر بوو کاردانەوەیەکی جەماوەری بەرفراوانی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەوەبوو بە سەدەها هەزار هاووڵاتی ڕژانە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانی جەماوەری ئاشتیانەیان لە دژی دەسەڵات دەستپێکرد، دەرەنجام زەین ئەلعابدین بن عەلی سەرۆکی ئەو وڵاتە لەژێر گوشاری خۆپیشاندەران دەستی لەکار کێشایەوە بە فڕۆکە بەرەو عەرەبستانی سعودی وڵاتی جێهێشت.

سەرکەوتنی شۆڕشە جەماوەرییەکەی تونس زۆر بە خێرایی جۆش و خرۆشی بە هاووڵاتیانی وڵاتانی دیکەی عەرەبی بەخشی کە ئەوانیش بەدەست خراپی ڕەوشی سیاسی و ئابووری بلاوبوونەوەی گەندەڵی و خراپی باری گوزەرانیان دەیانناڵاند، هانی دان چاو لە هاووڵاتیانی تونس بکەن، ئەوەبوو هاوشێوەی ئەوان دەستیان بە خۆپیشاندانی بەرفراوان کرد، ئەوەی مایەی سەرنجە لە خۆپیشاندەکانیان هەمان دروشمە بەناوبانگەکەی شۆڕشە جەماوەرییەکانی تونسیان لەدژی ڕژێمەکانیان بەرزکردەوەکە کە بریتی بوو لە (گەل دەیەوێت ڕژێم بڕوخێت) شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی لە چوار وڵات سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، لەدوای سەرکەوتنی خۆپیشاندەران لە 14ی مانگی کانوونی دووەم لە تونس، هەر دوای (9) ڕۆژ لە 25ی کانوونی دووەم وڵاتی میسریشی گرتەوە لە ئەنجامدا ڕژێمەکەی محەمەد حوسنی موبارەک ڕووخا، لە 17ی مانگی شوباتیش بەهاری عەرەبی گەیشتە وڵاتی لیبیا بە کوشتنی موعەمەر قەزافی و ڕووخانی ڕژێمەکەی کۆتایی هات، هەر دوای نزیکەی مانگێک لە ڕووخانی ڕژێمی قەزافی لە 15ی مانگی ئادار خۆپیشاندانی گەورەی ئاشیانە لە سوریا بەڕێوەچوو، کە بەگەورەترین بزووتنەوەی ناڕەزایی لەسەرانسەری وڵاتانی عەرەبی ناونرا، تیایدا نزیکەی زیاتر لە (8) هەزار کوژراوی لێکەوتەوە.

ئەمەش وای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد داوای دەست لەکار کێشانەوەی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریا بکەن، بەڵام بەهۆی پاڵپشتی بە تینی ئێران و ڕوسیا لە ناوبراو، لەدەسەڵات مایەوەو تا ئێستاش شەڕو پێکدادان لەو وڵاتە چ لە نێوان بەرهەڵستکاران و ڕژێم، چ لە نێوان لایەنە پێکناکۆکەکانی بەرهەڵستکاران هەر بەردەوامە.لە یەمەنیش عەلی عەبدوڵا سالح ناچار بوو واز لە کورسی دەسەڵات بهێنێت، دوای ئەو وڵاتانەش گڕی بەهاری عەرەبی گەیشتە ئەردەن و بەحرێن و جەزائیر و جیبوتی و سعودیەو سودان و عێراق و عەممان تەنانەت فەلەستینیش، لە هەندێکیاندا خۆپیشاندەران داوای باشترکردنی بژێو ریشەکێشکردنی گەندەڵیان دەکرد لە هەندێکی دیکەشدا سەرەڕای ئەو داواکاریانە داوای ڕووخانی ڕژێمەکانیشیان دەکرد.مایەی سەرنجە ئەگەرچی وەک وتمان بەهاری عەرەبی لە هەندێ وڵات سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێنا و ڕژێمی دەسەڵاتەکانیان ڕووخاند، بەڵاڕێدا بران لە ئامانجی ڕاستەقینەی دوور خرایەوە.

ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی شۆڕشەکان

هەندێ لە چاودێران پێیان وابوو بەهاری عەرەبی بە ڕووخانی سیستەمی حکومڕانی لە هەندێ وڵات و کپبوونەوەی لە هەندێ وڵاتی دیکە بە کۆتا هات.بەڵام وەک بینیمان شەپۆلی ناڕەزایەتی عومەر بەشیری سەرۆکی وڵاتیان لە دەسەڵات لادا. زۆرێک ڕووداوەکانی جەزائیر و سوودان بە سەرهەڵدانی وەرزی دووەمی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی ناودەبەن.لە یادی هەشت ساڵەی سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و ئاکام و دەرەنجامەکانی، ڕۆژنامە عەرەبییەکان بەسەر دوو بەرەدا دابەش بوونیان پێوە دیارە، هەندێ باس لە بەلاڕێدانی ئامانجی ڕاستەقینەی شۆڕشەکان دەکەن بە ڕەشبینییەوە باس لە گەڕانەوەی سێبەرەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو بۆ سەر کورسی دەسەڵات دەکەن، یا بە واتایەکی تر پێیان وایە ڕاستە دیکتاتۆرەکان لە کورسی دەسەڵات لا دراون بەڵام ڕژێمەکانیان نەگۆڕدراوەو هەروەک خۆی ماوە کەسانی نزیک لە ڕژێمەکانی پێشوو کە سێبەری ڕژێمەکانن حوکمڕانی وڵاتیان گرتۆتە دەست. لەبارەی هۆکاری بە ئەنجام نەگەیشتنی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی حەسان ئەلئەسوەد لە (العربی الجدید)ی لەندەنی بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە، ناوبراو هۆکاری لەباربردنی ئامانجی شۆڕشەکان بۆ گۆڕینی بزووتنەوە جەماوەرییەکان لە بزووتنەوەیەکی ئاشتیانەوە بۆ بزووتنەوەی چەکداری دەگەڕێنێتەوە، ئەمەش هەلی لەبەردەم لایەنە ڕژێمەکان و لایەنە دەرەکییەکان ڕەخساند، ڕژێمەکان تووندوتیژی لە دژی خۆپیشاندەران بنوێنن، لایەنە دەرەکییەکانیش لە میانەی دەزگاکانی دەوڵەت کە خۆیان دەسەڵاتیان بەسەرییەوە هەیە، هەلیان بۆ ڕەخسا کارێکی وا بکەن دەزگاکانی حکومەت بە تایبەتیش دەزگاکانی سوپا بکەنە ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانی ڕژێمێکی هاوشێوەی ڕژێمی پێشوو، کە گەلەکانیان لە دژیان شۆڕشیان بەڕپا کرد. بەمجۆرە بەهاری عەرەبی لە جیاتی بەدەستهێنانی ئازادی و دیموکراسییەت و دەستکەوت بوە بۆ هاووڵاتیان، لەڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵاتی و بژێوی ژیان، بووە دێوەزمەیەک بەسەریانەوە.ئەحمەد عوسمانیش بابەتێکی لە هەمان ڕۆژنامە بڵاوکردۆتەوە دەڵێت، هەشت ساڵ بەسەر سەرهەڵدانی شۆڕشی هاووڵاتیە میسرییەکان تێپەڕی، بەڵام ئەمڕۆ هاووڵاتیانی میسر سێبەری ڕژێمی پێشوو بە شێوەیەکی دیکتاتۆرانەو قێزەونتر لەجاران گەڕاوەتەوە سەر کورسی دەسەڵاتەوە، دەبینن. هەندێکی دیکەش ڕایان وایە، ڕاستە هەر وڵاتێکی عەرەبی تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام هەر هەموویان خاوەن ژێرخانێکی بەهێزن خاڵێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە کە ئەویش دەسەڵات و ڕۆڵی کاریگەری سوپایە لەو وڵاتانە.لەبەرامبەر ئەوانەدا، لایەنەکەی تر سەرەڕای ئەوەی ئەوانیش نکۆڵی لەوە ناکەن کە ڕژێمەکان و لایەنە دەرەکییەکان لە پێناو مانەوەو بەرژەوەندی خۆیان سەوداکاری ئابووری و سیاسییان بە بەهاری عەرەبییەوە کرد، بەڵام هێشتا بەگەشبینییەوە لە ئاکامی کۆتایی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی دەڕوانن، پێیان وایە سەرهەڵدانی شۆڕش تەنیا هەنگاوی یەکەمەو وا پێویست دەکات قۆناغی دووەمی بەدواوە بێت. بەکارهێنانی توندوتیژی و سەرکوتکاری لەلایەن ڕژێمەکان جۆش و تینی زیاتر بە جەماوەر دەبەخشێ لە پێناو ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی ڕاستەقینەی شۆڕشەکان و بەدەستهێنانی تەواوی ئامانجەکانی و ڕزگارکردنی وڵات لەو ڕەوشە خراپەی لە ڕووی ئابووری و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەی تێی کەوتووە، دەست بە قۆناغی دووەمی شۆڕشی بەهاری عەرەبی بکەن.

چەمکی سیاسی

بەلشەڤیزم

لە سەردەمی جەنگی گەورەدا، کەمینەیەک لە لایەنگرانی لینین هەڵگەڕانەوە و زۆرینەیەکی توندڕەوی لەگەڵدا مانەوە، ئەو وەختە وشەی بەلشەڤیزمی داهێنا. چەمکەکە لە وشەی bolcheی ڕووسیەوە داتاشراوە و بە مانای زۆرینەی توندڕەو دێت.
لینین پێی وایە مەحاڵە دەستەی کۆمەڵایەتی لە سیستمی سەرمایەداریەوە ڕاستەوخۆ ڕوو بکاتە سیستمی سۆسیالیستی، بەڵکو تا کاتی گۆڕانی عەقڵیەتی خەڵک دۆخەکە پێویستی بە قۆناغێکی ئینتیقالی دەبێ. لە بنەڕەتدا سیستمی سۆسیالیستی پشت بە یەکێتی دەوڵەت و دەسەڵات و نەهێشتنی سیماکانی قۆزتنەوە و سەرجەم جیاکاریەکانی نێو کۆمەڵ و بونیادنانی سیستمێکی سۆسیالیستی بۆ کۆمەڵگا. لە هەر کوێیەک شیوعیەکان گەیشتبن بە دەسەڵات ، بەلشەڤیەکان ئەو بنەما بنەڕەتیانەی کۆمەڵگەی سۆسیالیستیان وەک خۆی جێبەجێ کردووە.





سکای نیوز:
دەسەلاتدارانی سریلانکا ڕایانگەیاند کە 13 کەسیان بە تۆمەتی ئەنجامدانی تەقینەوەکانی دوو ڕۆژ لەمەوبەری ئەو وڵاتە دەستگیر کردووە .



ئەلشەرقولئەوسەت:
مۆسکۆ داوای لە حکومەتی سوریا کرد بۆ ماوەی 49 ساڵ بەندەری تەرتوسی بە کرێ پێ بدات .



دۆیچە ڤیلە:
بە گوێرەی ڕاپرسیەک ، ئاستی جەماوەری میرکل و پارتەکەی ڕووی لە دابەزین کردووە و خەڵک زیاتر ڕوویان کردۆتە پارتە ڕاستڕەوەکان .



ئەی ئێف پی:
ڕۆژی 5ی مانگی داهاتوو بڕیار وایە مەکدۆنیەکان بە مەبەستی ئەنجامدانی خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ڕوو بکەنە سەر سندوقەکانی دەنگدان .



ڕۆیتەرز:
لە ڕیازی پایتەختی سعودیە چوار چەکدار هێرشیان کردە سەر بالەخانەیەکی سەر بە دەزگای ئاسایشی دەوڵەت و لە ئەنجامدا هەر چواریان کوژران .



کەنالی ئارتی:
حکومەتی ئەمەریکا هۆشداری دا لەوەی پلانی ئەنجامدانی تەقینەوەی زیاتر لە سریلانکا لە ئاراداان .

گۆشتی هەژاران و سوودە ناوازەکانی



زۆر کەس ئاڕەزووی رادەبەدەری گۆشتخواردنیان هەیە بێ ئەوەی بزانن کە جۆرە گۆشتێکی دیکە هەیە تامی خۆشترە و نرخەکەشی هەرزانترە و دەوڵەمەندە بە پرۆتین پێی دەوترێت گۆشتی هەژاران.

بە پێی بڵاوکراوەیەکی ماڵپەڕی (ستاندارد میدیا) نیسک بە جێگرەوەکی نموونەیی گۆشت دادەندرێت و یەکێ لە خۆراکە تەندروستەکانە و نرخیشی هەرزانە، لە هەمانکاتدا چەندین تۆخمی خۆراکی لە پێکهاتەکەیدا هەیە بە تایبەتی پرۆتین کە گۆشت پێی بەناوبانگە.

نیسک هەر وەک گۆشت ڕێژەیەکی بەرزی لە پرۆتین تێدایە کە بە هۆیەوە بۆتە پێکهاتەیەکی سەرەکی بۆ سیستەمە خۆراکییە رووەکییەکان بەتایبەتش کە دەوڵەمەندە بە ڕیشاڵە خۆراکییەکان و تۆخمی ئاسن.

دەکرێت نیسک لەگەڵ سەوزە تێکەڵ بکرێت و ئامادە بکرێت یان بکرێت بە سوپ یان تێکەڵی هەندێک جۆر شیرنەمەنی بکرێت. هۆی سەرەکی بونی نیسک بە خۆراکێکی ناسراو لە زۆر لە وڵاتانی جیهاندا بە تایبەتی ناوچە وشکەکان بۆ ئاسانی ئامادەکردنەکەی دەگەڕێتەوە.

ڕەنگی نیسک دەگۆڕێت بە پێی جیاوازی تۆخمە خۆراکییەکان، وەک ڕەنگی سوور و سەوز و زەرد و خۆڵەمێشی و ڕەش و پرتەقاڵی لە کۆتایدا نیسکی قاوەیی.

ئەو زانیارییەی کە زۆر کەس دەربارەی نیسک نایزانێت بریتییە لەوەی کە نیسک تەنها سوودی بۆ مرۆڤ نییە بەڵکو سوودەکانی دەگاتە خاک و ئاژەڵ، دەکرێت تۆتکڵی نیسک وەک پەینێکی ئۆرگانی بەکار بێت و زەوی بە پیت بکات لە هەمانکاتدا وەک ئالیک بەکار بێت بۆ مانگای شیردەر بۆ زیادکردنی بەرهەمی شیر.

نیسک چەندین تۆخمی کانزایی تێدایە وەک ئاسن و توتیا (زەنک) و سیلینیۆم و مس و پۆتاس و فسفۆر و کالیسیۆم و مەنگەنیز، هەروەها ڤیتامین B و Aو B2و B6و Cو Eو ترشی فۆلیک و ترشە ئەمینییە سەرەکییەکییەکان.

نیسک گورچیلە چالاکدەکات و دەیپارێزێت لە دروستبوونی بەرد و گۆئەندامی هەرس دەپارێزێت و کرداری هەرسکردن ئاسان دەکات و ڕێگا بە قەبزی نادات و جەستە لە پاشماوە و ژەهرەکان خاوێنەدەکاتەوە. نیسک نیشانەکانی قۆڵۆنی دەمارگیری هێور دەکاتەوە و کێشی جەستە ڕێکدەخات چونکە هەستکردن بە برسێتی کەمدەکاتەوە ئەوەش دەبێتە هۆی کەم خواردن.

لە سوودەکانی دیکەی نیسک ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن و ڕێگری لە بەرزبوونەوەی و جەستەش لە کۆلیسترۆڵی زیان بەخش دەرباز دەکات و ئاستی کۆلیسترۆڵی بەسوود بەرزدەکاتەوە.

چەند هەنگاوێک بۆ چاندنی قەڵەم



چاندنی قەڵەم یان قاشوو یان پەل بە یەکێ لە گرنگترین ڕێگاکانی زیادکردنی ڕووەک دادەندرێت، ڕێگایەکی زیادکردنی ناتوخمانەیە و باشییەکەی ئەوەیە هەمان خەسڵەتە بۆماوەییەکان لە دارەکەوە بۆ نەمامە نوێیەکە دەگوازرێتەوە. پێویستییەکانی کارکردن بریتین لە مەقەستی موتربە و نایلۆنی چاندنی نەمام و خاکی تێکەڵ و پەینی پتمۆس و هاندەری ڕەگ و هاندەری گەشە و قرچەری کەڕوو و میتروو وکۆز.

هەنگاوەکانی هونەری کارکردن

یەکەم: بڕینی لقی ئەو ڕووەکەی مەبەستمانە زیادی بکەین.

دووەم: لابردنی سەرجەم گەڵا و لکە باریکەکانی سەر لقەکە.

سێیەم: بڕینی لقەکەن بە شێوەی قەڵەم کە درێژییەکەی 20سم بێت لە سەرەوە بە لاری دەبڕدرێت و لە خوارەوە بە ڕاستی.

چوارەم: باشترە قەڵەمەکە 3یان زیاتر چاو (گۆچکە)ی لەسەر بێت و بڕینەکەی خوارەوە 2سم لە ژێرەوەی گۆچکەی خوارەوە بێت و بڕینە لارەکەی سەرەوە 5 سم لە گۆچکەی سەرەوە دوور بێت.

پێنجەم: ژێرەوەی قەڵەمەکە لەناو قرچەری کەڕوو و میتروو دادەندرێت.

شەشەم: ژێرەوەی قەڵەمەکە لە ناو هاندەری ڕەگدا دەنرێت.

حەوتەم: نیوەی قەڵەمەکە لە ناو خاکێکی تێکەڵەی تێکەڵکراو بە پەینی پیتمۆسدا دەبێت کاتێک لەناو نایلۆنی چاندنایە.

هەشتەم: ئەو کردارە لە مانگی کانوونی دووەم و مانگی شوبات ئەنجام دەدرێت لەو کاتەی ئاوکی ڕووەک وەستاوە و ڕووەک لە قۆناخی متبوونایە.

نۆیەم: بۆ شکاندنی قۆناخی متبوونی قەڵەمەکان پێویستە پلەی گەرمی گونجاویان بۆ دابین بکرێت لە ڕێگای دانانی نایلۆنی چاندن لەسەر پەیکەرێکی ئاسنی کە پێشوەختە ئامادەکراو و دروستکردنی خانووی پلاستیکی بۆ پاراستنی قەڵەمەکان لە سەرما.

دەیەم: پێویستە خاکەکە بەردەوام شێدار بێت بە مەرجێک نەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە کەڕووەکان ئەگەر بڵاوبووەوە دەبێ دەسبەجێ بە قرکەری کەڕووکۆز بڕشێندرێت.

یازدەهەم: لەو ڕۆژانەی کە کەشوهەوا گەرمە هەواگۆڕکێ بۆ خانوو پلاستیکیەکان دەکەین.

دوازدەهەم: لە مانگی نیساندا بەرە بەرە نایلۆنەکە لادەبەین تاکو ڕووەکە بچووکەکە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ کەشوهەوای دەرەوە نەک بە شێوەی ناکاو ڕاستەوخۆ بکەوێتە بەر کەشوهەوای کراوە.

سێزدەهەم: لە وەرزی هاویندا تۆرێک لە شێوین نایلۆنەکە دادەندرێت بۆ پاراستنی نەمامەکان لە گەرما.

چواردەهەم: لە وەرزی پایزدا دەکرێت نەمامەکان بۆ شوێنی هەمیشەیی بگوازرێنەوە دوای لابردنی نایلۆنی چاندن.

5 سوودی لیمۆ بزانە

لیمۆ لە ڕووی گرنگی و ناوبانگەوە لە دوای پرتەقاڵ دێت، تامێکی ترش و بەسوودی هەیە بەتایبەتی بە هاتنی وەرزی هاوین کە زۆر بە شێوەی جیاواز لیمۆ بەکار دێت وەک شەربەت بە زیادکردنی کەمێک شەکر و نەعناع و یان بە تێکەڵکردنی لەگەڵ زەڵاتەدا، بەڵام جگە لە تامە خۆشەکەی لیمۆ چەندین سوودی هەیە کە شاراوەیە.

ماڵپەڕی (lolwot) هەندێک لە سوودەکانی لیمۆی بە شێوەیەکی گشتی بڵاوکردۆتەوە.

یەکەم: بۆ تۆشکی قژ، ئەوانەی قژی سەریان تۆشکی تێدایە دەکرێت قژیان بە گیراوەی لیمۆ بشۆرن و پاشان بە خاوێنی بە ئاو بشۆردرێت.

دووەم: خاوێنکردنەوەی کەلوپەلی ناوماڵ، بۆ ئەوەی کەلوپەلی ناو ماڵ بریقەدار بێت دەکرێت بە گیراوەی لیمۆ بسڕێتەوە.

سێیەم: گۆڕینی ڕەنگی قژ، ئەوانەی ڕەنگی قژیان ڕەشە بۆ گۆڕینی ڕەنگەکە بۆ قاوەیی دەکرێت بە گیراوەی لیمۆ بشۆردر

ێ

ت و بۆ ماوەی 10 خولەک لەبەر تیشکی خۆر جێبهێڵدرێت.

چوارەم: خاوێنکردنەوەی ڕوخسار، گیراوەی لیمۆ بەکار دێت بۆ نەهێشتنی زیپکە و زیوانی ڕەشی ڕوخسار.

پێنجەم: خاوێنکردنەوەی نینۆک، لیمۆ بەسوودە بۆ خاوێنکردنەوەی نینۆک بەوەش دوور دەکەوینەوە لە سەردانی ئارایشگەکان.


داهێنانی (نانی زیرەک) بۆ نەخۆشیی شەکرە



شارەزایانی بواری خۆراک لە (ئۆسیتیای باکوور) نانێکی بەسوود بۆ باشکردنی بارودۆخی نەخۆشییەکانی شەکرەیان داهێنا و ناویانناو بە (نانی زیرەک)، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر گۆڕینی خۆراکی و خواردنی بڕێکی نادیار لە خۆراک نابێت.

پێکهاتە شاراوەکەی ئەو نانە کە شارەزایانی کیمیای بایۆلۆجی لە (ئۆسیتیای باکوور) دایانهێناوە ئاستی شەکرەی خوێن بەرز ناکاتەوە و لە هەمانکاتدا توانای دابەزاندنی هەیە بۆیە ناویان ناوە نانی زیرەک.

شارەزایان ڕایانگەیاند کە ئەوان پێکهاتەی ئەو نانەیان دۆزیوەتەوە دوای تۆمارکردنی مافی دۆزینەوە دەستدەکەن بە بەرهەمهێنانی بە شێوەیەکی بازرگانی، بە گوێرەی وتەی داهێنەران ئەو نانە باری تەندروستی نەخۆشانی شەکرە باشتر و ژمارەیان کەمتر دەکات.



سامان بریفکانی 100 ژمارەی هەفتەنامەی خەباتی وەرزشی پێشکەشی خەبات کرد

هاوکارمان سامان بریفکانی رۆژنامەنووس و سەرپەرشتیاری پێشووی هەفتەنامەی خەباتی وەرزش، دیاریەکی بەنرخی پێشکەشی ئەرشیفی رۆژنامەی خەبات کرد و ژمارەیەک لە هەفتەنامەی خەباتی وەرزشی خستە ناو کتێبخانەی خەباتەوە.

بەئامادەبوونی سەلام عەبدوڵلا سەرنووسەری رۆژنامەی خەبات و هاوار مورتکەیی بەرپرسی لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات، سامان بریفکانی رۆژنامەنووس 100 ژمارەی هەفتەنامەی خەباتی وەرزشی بەدیاری پێشکەشی کتێبخانە و ئەرشیفی رۆژنامەی خەبات کرد، کە لە ژمارە (1)ەوە تا ژمارە (100) و لە دوو تەوێی بەرگدا پێکهاتبوو، کە کاتی خۆی ژمارەبەژمارە لای خۆی پاراستبوونی، سەرنووسەری رۆژنامەی خەبات بەناوی کارمەندانی خەباتەوە سوپاسی بریفکانی کرد لەبەرامبەر دەوڵەمەندکردنی ئەرشیفی رۆژنامەکەمان.



لەپاڵەوانیەتی بەرزکردنەوەی قورسایی یانەکانی کوردستان
هەولێر و قەڵا و زاخۆ پلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمیان بەدەستهێنا

بەچاودێری لێژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان وبەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان، پاڵەوانیەتی بەرزکردنەوەی قورسایی لەسەر ئاستی لاوان بۆ یانەکانی کوردستان بەبەشداری 7یانە سەرکەوتووانە لەهەولێری پایتەخت ئەنجام درا.

پاڵەوانیەتیەکە لەهۆڵی مەشق وراهێنانی شاری هەولێر بەبەشداری 7 یانەی کوردستان بەرێوەچوو کەتیایدا هەر یەک لەیانەکانی هەولێر بەکۆکردنەوەی 764 خاڵ پلەی یەکەم و یانەی قەڵا بەکۆکردنەوەی 672 خاڵ پلەی دووەم ویانەی زاخۆ بەکۆکردنەوەی 489 خاڵ پلەی سێیەمی بەدەستهێنا.

لەبارەی ئەنجامدان و رێککخستنی پاڵەوانیەتیەکە بەریز محەمەد سدیق ئیسماعیل سکرتێری یەکێتی ناوەندی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان بۆ خەبات ڕایگەیاند: ماوەی 4 ساڵ دەبێت بەهۆی قەیرانی دارایی ونەبوونی هاوکاری لەلایەن لێژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان، هیچ پاڵەوانیەتیەکمان لەسەر ئاستی کوردستان بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر ومێ ئەنجام نەداوە، ئەمساڵ واتە ساڵی 2019 خۆشبەختانە دەستپێکی یەکەمین چالاکییمان بوو دوای کۆتایی هاتنی قەیرانی دارایی لەسەر ئاستی لاوان توانیمان پاڵەوانیەتیەک رێکبخەین و ژمارەیەکی زۆری یاریزانان لە 7 یانەبەشداربووەکەدا بەشداریان لە پاڵەوانیەتیەکە کرد.

هەر لەبارەی ئاستی ناوبژیوانانی پاڵەوانیەتیەکە و پلانی داهاتووی یەکێتیەکەیان بۆ ئەم پرسەش بەریز محەمەد سدیق زیاتر گوتی: ئاستی ناوبژیوانان زۆر بەرز بوو، هیچ کێشەیەک نەبوو لەبەرێوەچوونی پاڵەوانیەتیەکە، هەروەها بۆ داهاتووەکی نزیک بەنیازین پاڵەوانیەتیەک ساز بدەین لەسەر ئاستی کچان لەشاری سلێمانی بەشێوەی کراوە ، خوازیارین سەرجەم یانەکان بەشداری لەپاڵەوانیەتیەکە بکەن و ئەنجامی بەرز بەدەست بهێنن.

ئەنجامی یاریپەکان بەمشێوەیە بوو:

1-یانەی هەولێر 764 خاڵ
2-یانەی قەڵا 672 خاڵ
3- یانەی زاخۆ 489 خاڵ
4-یانەی ئارارات 228 خاڵ
5-پێشمەرگەی هەولێر 201 خاڵ
6-یانەی کەیوان 153 خاڵ
7- یانەی سلێمانی 141 خاڵ

ئاماژە: سەرهەنگ ئەجمەدین

بەبردنەوەی لە مۆناکۆ سان جێرمان ئاهەنگەکەی رازاوەتر کرد

یانەی پاریس سان جێرمان توانی بۆ دووەم ساڵ لەسەر یەکتری و هەشتەمین جار لە میژووییدا نازناوی خولی فەرەنسی بۆ تۆپی پێ بەدەست بێنێت، کاتێک بە ئەنجامی 3-1گۆڵ لە یانەی مۆناکۆی بردەوە.

پێشتر بەر لە تەواو کردنی ئەم یاریپە، سان جێرمان بەفەرمی بووە پاڵەوان، کاتێک هەردوو یانە تۆڵۆز و لیلی خاوەن پلە دوو بەرامبەر بوون، یانەی پاریس سان جێرمان بە هاتریکی مباپی ئاهەنگی سەرکەوتنەکەی رازی کرد کاتێک ئەو یاریزانە لە خولەکەکانی 15،38، 55 تۆماری کردن و تاکە گۆڵی مۆناکۆش لە خولەکی 80 لەلایەن ئەلکسەندەر جۆلۆفینەوە تۆمارکرا، کە ئەم دۆڕانەش بۆ مۆناکۆ مەترسییەکانی زیاتر کرد لەوەی دابەزنە ریزی یانە پلە دووەکان کە بە 32خاڵ لە ریزی 16ەوە دێت.



هازارد بەرەو ریال
چێلسی داوای 116 ملیۆن یورۆ دەکات و ریالیش 90 ملیۆنی بۆ تەرخان کردووە

پێدەچێت دواجار هەردوو رێگاکەی ریال مەدرید و هازارد تێکبکەونەوە، چونکە تادێت بەربەشتەکانی نێوانیان لادەبردرێن، لەوانە سێ لە چوار لایەنی کە پەیوەندیان بەم رێکەوتنەوە هەیە رازی بوونە، ئەوانیش هازارد و ریال مەدرید و زێدان، تەنها لایەنی بەرامبەر کە چێلسییە ماوەتەوە، چێلسی رازی بووە ئەو یاریزانە بچێتە ریال، بەڵام تا ئێستا لەسەر نرخەکە نەکەوتوونەتە رێککەوتن، کە یانە لەندەنییەکە داوای 100ملیۆن جونەیهی دەکات، کە دەکاتە 116 ملیۆن یورۆ.

ریال ئامادە نییە ئەو بڕە پارەیە بدات و پێی وایە نرخی هازارد لەنێوان 90-80 ملیۆن یورۆیە، چونکە بۆندەکە درێژ دەبێتەوە تا ساڵی 2020، بەڵام ریال مەدرید گەشبینە لەوەی کە لەگەڵ چێلسی لەبارەی هازاردەوە دەکەونە رێککەوتن، چونکە بەرلەوەی زێدان بگەڕێتەوە، ریال بایەخی خۆی بۆ ئەو یاریزانە راگەیاندبوو، ئێستاش بەهاتنەوەی زێدان بایەخەکە زیاتر بووە بەوەی زێدان حەزدەکات ئەو یاریزانە لە ریال بێت و بۆئەمەش هەر خۆی خاوەنی یەکەم و دوا بڕیارە لەو یانەیە.

بێرناردیسکی: بەدەستهێنانی نازناوی خولی ئیتاڵیا شتێکی بێ تام نییە



فیدریکۆ بێرناردیسکی، لا بااڵی یانەی یۆڤانتسی ئیتاڵیی، پەسنی دەستکەوتی تیپەکەی دا، دوای بەدەستهێنانی نازناوی ئیسکۆدیتۆ بۆ وەرزی هەشتەم بەسەر یەکەوە، دوای بردنەوە لە فیۆرنتینا بە ئەنجامی دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک. بێرناردیسکی دوای یاریپەکە لێدوانی بۆ رۆژنامەی (کالچیۆ میرکاتۆ) دا و وتی:"ئەمرۆ رۆژی ئاهەنگگێڕانە، بردنەوەی ئیسکۆدیتۆ شتێکی بێ تام نییە، ئێمە تیپێکی نایابین". هەروەها وتی:"کاروانمان لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، بەشێوەیە نەڕۆیشت کە ئێمە هیوامان بۆی دەخواست، بەڵام تۆ بەردەوام ناتوانیت ئەو نازناوە بەدەست بێنیت". ئەمەو یانەی یۆڤانتس، بااڵ دەستی خۆی بەسەر تۆپی پێی ئیتاڵیا سەپاندووە، دوای بەدەستهێنانی نازناوی کالچیۆ بۆ وەرزی هەشتەم بەسەر یەکەوە، بەمەش بووە تاکە یانە لە هەر پێنج خولە گەورەکەی ئەوروپا، کە هەشت جار بەسەر یەکەوە نازناوی خولی ولاتەکەی بەدەست بێنێت، بەمەشیان بە پێش یانەی لیۆنی فەرەنسی کەوتەوە، کە حەوت جار بەسەر یەکەوە خولی فەرەنسای بەدەستهێناوە. شیاوی باسکردنە، یۆڤی، لە قۆناغی چارەکی کۆتاییدا، مااڵناوایی لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا کرد، دوای دۆڕانی بەرامبەر یانەی ئەیاکس ئەمستردامی هۆڵەندی، بە ئەنجامی 3-2 گۆڵ لە کۆی دوو یاریپدا.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue, 23. Apr. 2019 No: (5735)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



باکووری کوردستان.. بەرهەمهێنانی قارچک



جەلال کۆچەر..
کۆترە بریندارەکەی ئاوازی کوردی

ڕێبوار هەورامی

لەم سەردەمە بێ سەروبەردا زۆربەی شتە جوانەکان لەبیرکراون، ڕەنگە تەنها عاشقانی سەردەمی حەفتاکان و هەشتاکان ئەم کۆترە بریندارەیان لەبیرمابێت، ئەم هونەرمەندە کۆچەریەمان ناوی (جەلال ئەحمەد وەیسە) یە، ساڵی 1943لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی هاتووەتە دنیا . چووەتە ئیزتگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا و بووە بە ئەندامی تیپی نواندنی ئیزتگەکە و لە چالاکییەکانی ڕۆژانەی ئیزگەدا بەردەوامبووە، کۆی گۆرانییەکانی لەم ڕادیۆیەدا (68) گۆرانییە، ساڵی 1990 کۆمەڵەی هونەری نەتەوەیی لە شاری سلێمانی دروست دەکات .لە وەرزی زستانی ساڵی 1993 بەنیازی سەردان و وێلبوون بە دوای کەسوکارو لەگەڵ (هونەر) ی کورپدا بەنیازی چوونە ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆ شاری مهاباد، لە ڕێگا لە نزیک شاری سەردەشت بەهۆی سەرماوسۆلەو شەختەی بەفرێکی زۆرەوە ڕۆژی 3ی 3ی 1993 هونەرمەند جەلال کۆچەرو هونەری کوڕی دەبن بە ژێر هەرەسی بەفرەوە و سەرپۆشی بلورینی بەفر بەبێ دەنگی دایان دەپۆشێت و گیانیان تێکەڵ بە جریوەی مەلە کۆچەریەکانی ئەو دەڤەرە دەبێت.. ڕۆحی شاد..



لە ئێوارە کۆڕێکدا ..قەهار شێخانی و نەبەز پێنجوینی شیعرەکانیان تێکەڵ بەئاوزاو چریکەی کەمانجەکەی سالار کۆشار دەکەن

ڕێکخراوی خەیاڵ لەدرێژەی کاروچالاکییەکانی خۆیدا، بەهاوکاری و هەماهەنگی کتێبخانەی (مەم و زین) کاتژمێر (4)ی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، لەئێوارەیەکی بەهاری پایتەخت کۆڕێکی شیعری لە ژێر ناونیشانی (هەڵاتنی شیعر لەئێوارەیەکدا) بۆ هەر هەردوو شاعیری دیار قەهار شێخانی و نەبەز پێنجوینی سازدەکات، لەم کۆڕە شیعرییەدا سالار کۆشار بەدەست و پەنجە ناسکەکەی و کەمانجەکەی کۆڕە شیعرییەکە زیاتر دەڕازێنێتەوە. ناونیشان: گەڕەکی ئازادی ـ شەقامیقاسملو ـ خواروو سەندیکای پارێزەران کوردستان نزیک مزگەوتی نۆ شەهید.. هاتن بۆ هەمووانە..

بزمار و پەت دەکات بەجوانترین تابلۆ

گۆنا عوسمان: دەمەوێت لەڕێگەی هونەرەکەمەوە خزمەتێک بە نیشتمان و ژنانی وڵاتەکەم بکەم و بوونی خۆمان وەکو ژن بسەلمێنین





دیمانە:وریشە عومەر

من ناوم(گۆنا عوسمان)ە .٦ ساڵم دانیشتووی سلێمانیم ژمێریارێم خوێندووە،ئێستا سەقاڵێ دروست کردنێ تابلۆم بەبەنوو بزمار،ئەمەش خولیایێ خۆمەو ئارزووێ زۆرم هەیە بۆی لەم دیمانەیەدا بۆچونێ خاتوگۆنا بخوێینەوە:

*** کاری دەستی لەکوێی هونەر جێی بۆتەوەو لەڕووی زانستی چی لەسەرەدیە؟**

کاری دەستی بەشێکی گرنگی هونەرە ، سەرەتای دروست بوونی هونەر لە کاری دەستییەوە سەری هەڵداوە ، تا ئێستا کاری دەستی لەسەر بنەمای زانستی نەکراوە واتا وەکو خولیا و پیشەیەک ناسێنراوە .

*** ئەم پیشەیە مێژووەکەی بۆکەی دەگەڕێتەوەو لەکوێیەوە سەری هەڵ داوە؟**

لە بنەڕەتدا کاری دەستی هونەرە نەک پیشە ،هونەری ستریڕنگ ئارت هونەرێکی جیهانییە، مێژووی سەرهەڵدانی ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە لەلایەن خاتونێکی بەریتانی بە ناوی ماری ئشرست بۆڵ ، کە مامۆستای بیرکاری بوو سەرەتای هونەر بە تابلۆی خرِ دەستی پێکردووە کە بۆ زیاتر تێگەیاندنی خوێندکاران بووە لە نەخشەی خرِ و جیا کردنەوەی بە ڕەنگەکان دواتر ئەم هونەرە کراوە بە کتێب و لە زانکۆی کامبریج وەک وانە خوێندراوە..

*** حەز دەکەیت چی دروست بکەیت و لەگەڵ چی تابلۆیەک ئاسودەیت؟**

هەموو ئەو تابلۆیانەی دروستی ئەکەم ئاسودەم لەگەڵیان ،بەڵام هەندێک تابلۆ زۆر دڵخۆشم لەگەڵیان بۆ نمونە دایک و منداڵ .

*** خاوەنی چەند پێشەنگایت و ئەوتابلۆیانەی شانازی پێوەدەکەیت چین؟**

بەهۆی سەرقاڵیم بە کۆمەڵێ کاری تایبەتی خۆمەوە دەرفەتی ئەوەم نەبووە کە پێشانگا بۆ تابلۆکانم بکەنەوە ،بەڵام بە نیازم لە داهاتوویەکی نزیک پێشانگایەکی تایبەت بە خۆم بکەمەوە ..

*** تاچەند هۆشیاری هەیە هاوڵاتیان ئەوتابلۆیانەی خۆمان بکڕن و واز لەتابلۆی بیانی بهێنن؟**

بەداخەوە تا ئێستا نەگەیشتوین بەو ئاستەی کە بینەر تابلۆیەک بکڕێت کە نزیک بێت لە ژیانی واقعی کۆمەڵگاکەی خۆی بە دوای تابلۆی کوالێتی خراپی بیانی ئەگەڕێن کە هیچ خوێندنەوەیەکی تێدا نیە.

*** خەونت چیەو دەتەوێت لەڕێی هونەری کاری دەستی چی پەیامێیک بگەیەنیت؟**

خەونم ئەوەیە ئەو جیاوازییە ڕەگەزییە لە کوردستان نەمێنێت، پەیامی من ئەوەیە لە ڕێگەی هونەرەکەمەوە خزمەتێک بە نیشتمان و ژنانی وڵاتەکەم بکەم و بوونی خۆمان وەکو ژنان بسەلمێنین..

چی ئاوێتەی تابلۆکانت دەکەیت بۆ نەخشاندنیان؟

گەر مەبەستت کەردەستەی خامی تابلۆکان بێت زیاتر پەت و بزمار بەکار ئەهێنم و هەروەها بەپێی پێوستی تابلۆکان ڕەنگەکان بەکار ئەهێنم..

*** تەکنەلۆژیا چی کاری گەری لەسەر ئەم هونەرە بەجێ هێشتوە؟**

تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی گشتی لایەنی ئیجابی و سلبیشی هەیە لەسەر هەموو هونەرەکان هونەری دەستیش بەدەر نیە لەو پۆلێن کردنە ، بەڵام وەک خۆم سودێکی زۆر باشم لە تەکنەلۆژیا بینیوە بۆ پەرەپێدانم بە هونەری ستریڕنگ ئارت..

وشەی کۆتایت چیە ؟

لە کۆتایدا سوپاسی ئێوەی بەڕێز ئەکەم بۆ ئەم بەسەر کردنەوەیە ، زۆر سوپاسی هاوسەرم ئەکەم کە هاوکارێکی سەرەکییە لە کارەکانمدا.

بنیامین دوای ماوەیەکی زۆر کلیپی دڵی من بلاو دەکاتەوە



وریشە عومەر

گۆرانی بێژی لاو بنیامین شادمان کە دانیشتوی شاری هەولێرە ماوەی چەند ساڵێکە چەندین گۆرانی و هۆنراوەی هەیە، کۆتا جار ساڵی پار گۆرانی مەرۆی بلاو کردەوە.هونەرمەندی لاو لە ڕێگەی ڕۆژنامەی خەبات دەیەوێت مژدەی نوێترین گۆرانی خۆی بە هەواداران بدات.بنیامین. بۆ ڕۆژنامەی خەبات دواو گوتی لە سەرەتای مانگی داهاتوو گۆرانیە نوێیەکەم بە شێوەی کلیپ بلاو دەبێتەوە .ئەوەش دەبێتە یەکەمین گۆرانی من. کە بەشێوەی کلیپ بلاو دەبێتەوە کاری موزیکی لە لایەن هونەرمەند کەمال گەنجی بۆ دەکرێت میلۆدیەکەی لە لایەن خۆمەوە کاری بۆ کراوە . ئەو زیاتر گوتی: بڕیارم داوە کلیپەکە لە کوردستان وێنەی بگیرێتی چونکە لە کوردستان شوێنی خۆشما. هەیە سروشتی کوردستان دڵ رفێنە .

لەناوقەدی چیا مارکێت دەکاتەوە

هاونیشتیمانییەکی چینی، مینی مارکێتێک لەسەر ڕێگای هاتوچۆی شاخەوانەکان دەکاتەوە، تا هەرکات برسی یان تینووبوون لە نزیکترین ڕێگا و لەنێو قەدی شاخدا پێداویستییەکانیان بکڕن.

